
# America Journal

## ئەمریکا دەنگ دەدات





## ماکێین یان ئۆباما ؟




# 270 دەنگ

# بەرەو سەرۆکایەتی

| | |
|---|---|
| رێکخەر | جێریمی کێرتن |
| سەرنووسەر | ریتچارد هەکەبی |
| بەڕێوەبەری نووسین | ئانیتا گرین |
| یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسین | میشێل جای فریدمان |
| دەستەی نووسەران | جۆناسان مارگۆلیك |
| | جۆرج کلارك |
| | رۆسالین تارگۆنسکی |
| بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان | سوزان دۆنەر |
| یاریدەدەری بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان | سیلڤیا سکۆت |
| بەڕێوەبەری سایت | جانین پێری |
| بەڕێوەبەری فۆتۆ | ئان مۆنرۆ جاکۆبس |
| شارەزای سەرچاوەکان | مارتن مانینگ |

**پێرست** **لاپەرە**


| | |
|---|---|
| جۆن ماكاێین : خزمەتگوزاری بۆ وڵاتەكەی | ٣ |
| دیدی جۆن ماكاێین  بۆ ئاینده | ٩ |
| ماكاێین لە زاری خۆیەوە | ١٠ |
| ئۆباما لە زاری خۆیەوە | ١٥ |
| دیدی باراك ئۆباما بۆ ئاینده | ٢٢ |
| ئۆباما لە زاری خۆیەوە | ٢٤ |
| سارا پاڵین، پاڵێوراوی پارتی كۆماری بۆ جێگری سەرۆك | ٢٥ |
| جۆو بیدین، پاڵێوراوی پارتی دیموكرات بۆ جێگری سەرۆك | ٢٨ |
| خانەوادەی ماكاێین | ٣١ |
| خانەوادەی ئۆباما | ٣٣ |
| چۆن كۆلێژی هەڵبژاردن كار دەكات | ٣٥ |
| بردنەوەی زۆرینەی كۆنگرێس | ٣٩ |
| هەڵبژاردنەكانی كۆنگرێس | ٤٣ |
| ڕۆژی گرتنەدەستی جڵەوی فەرمانڕەوایی | ٤٨ |


---


(+964) 66 250 6487

www.america.gov



نووسینگەی بەرنامەکانی زانیاری نێودەوڵەتی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڵاوکراوەیەکی مانگانە دەردەکات لەژێر لۆگۆی (eJournal USA). ئەم بڵاوکراوانە بەدوای ئەو مەسەلە سەرەکیانەدا دەچن کە رووبەرووی ئەمریکاء کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبنەوە هەروەها مەسەلەکانی وەکێ کۆمەڵگەء بەهاکانء فیکرء دەزگاکانی ئەمریکا. ئەو بیرورِایانەی کە لەم بڵاوکراوانەدا گوزارشتیان لێکراوە مەرج نیە رەنگدانەوەی بۆچوونەکانء سیاسەتی حکومەتی ئەمریکا بن.

یەکێک لە بڵاوکراوەکان مانگانە بە ئینگلیزی دەردەچێت و چەند چاپێکی تریش بەدوایدا دێت بە چەندین زمانی تر.

بۆ یەکەمجار لەم بڵاوکراوەیەدا، چەند راپۆرتێک لە کۆکراوەکانی *eJournal USA* بە زمانی کوردی بڵاو دەکرێنەوە. راپۆرتەکانی ئەم بڵاوکراوەیە لە چاپی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ ی *eJournal USA* هەڵبژێراون کە ئەوانیش بریتین لە: *هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٨ — کاندیدەکان*، هەروەها لە چاپی ئەیلولی ٢٠٠٨ کە بریتین لە: *کۆلێژی هەڵبژاردن* و هەروەها لە چاپی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ کە بریتین لە: *کامپینی درێژخایەن*. ئەم چاپە و چاپەکانی داهاتووی *eJournal USA* بە ئەلکترۆنی دەستەبەر ئەبن لەسەر ئینتەرنێت.

هیواداریین خوێنەرانی کورد ئەم راپۆرتانە بە پەیوەندیدار و سەرنجراکێش لە قەڵەم بدەن و تیشکێکی تر بخەنە سەر پرۆسەی سیاسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**لوسی تاملین**

**رێکخەری هەرێمی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان**

**باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عیراق**

# جۆن ماکاین : خزمەتگوزاری بۆ وڵاتەکەی

*دۆمنیك دیپاسکوالا*



پالێوراوی کۆمارییەکان بۆ سەرۆك بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ وەك ئەفسەری دەریایی و ئەندامی کۆنگرێس خزمەتی کردووە. لەکاتێك ماکاین لە زۆر دامەزراوەدا یارمەتی بۆشی داوە، پەیمانی بابەتێکی نوێی داوە لەسەرکێشە دەرەکی و ناوەخۆییەکان .

دۆمنیك دیپاسکوالا بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ وەك ئەفسەری دەرەکی خزمەتگوزار لە گەڵ ئاژانسی دەزگای زانیاری ئەمریکی و وەزارەتی دەرەوە لە غانا، کینیا، بەرازیل، بۆسنە، سنغافورە و سلۆڤینیا کاری کردووە.

دیاریکردنی جۆن ماکاین، وەك پالێوراوی ٢٠٠٨ ی کۆمارییەکان بۆ سەرکردایەتی، لە ئەنجامی ٥٠ساڵ لە خزمەتگوزاری دێت بۆ وڵاتەکەی.

وەك فڕۆکەوانی دەریایی، بەندییەکی جەنگی ڤێتنام، ئەندامی کۆنگرێس و سیناتۆری ئەمریکی چیڕۆکی ژیانی ماکاین جیاواز بووە بۆ جێگەی باس و خواس و خۆ تەرخانکردنێك بۆ ئەرك. ئەم سیفەتانەی کە وای کرد تووڕەییەکی زۆر بۆ ڤێتنامییەکان دروست بکات، بگرە هەندێجار بۆ هاوکارە کۆمارییەکانیش، وایکردووە ماکاین هاوکاری و ئیعجابی هەزار دەنگدەری ئەمریکی بۆ خۆی ڕابکێشێ.

هەر وەك ڕۆژنامەوی "ئەلمەناك ئۆڤ ئەمێریکان پۆلتیکس" لە بارەیەوە دەڵێت: نزیکترین شت کە سیاسیەکانمان هەیانە "پاڵەوانێکی نیشتمانییە".

ماکاین بە هۆی هەڵمەتی سەربەخۆی عەقڵ هەر پێشتر پڕۆفایلی خۆی بەرزکردۆتەوە بۆ خۆ پاڵاوتنی ساڵی ٢٠٠٠ کۆمارییەکان کە ئەندێشەی زۆر ئەمریکی داگیر کرد. ئەو لەو هەوڵە ونبوەدا دەرکەوت وەك یەکێك لە دەنگە هەرە بەڕێزەکانی سیناتۆری ئەمریکی، بە تایبەتی لەسەر کێشە ئاسایشیە نیشتمانییەکان و یەکێك لە دیارترین کەسایەتییەکانی پارتی کۆماری.

لەوانەیە زیاتر لە هەر سیفەتێکی تر، بیرو ڕای شەرەفی تاکەکەسی، کۆنترۆڵی بەردەوامی کەسایەتی تایبەتی و گشتی ماکاین ی کردووە.

ماکاین لە ژیاننامەی خۆیدا بە ناوی "باوەڕی باوانم" دەنووسێت: "لە بەندیخانە، کە ئەو سەربەخۆییەی هەمبوو گاڵتەی پێکراو سوکایەتی پێکرا، ڕێزی خۆم لە دڵسۆزی بۆ وڵاتەکەم دۆزییەوە، هەموو شەرەفێك لە کاتی ناچاری دێت. من و ئەو پیاوانەی کە خزمەتم لە گەڵیان دەکرد، ئێمەیان قبوڵ کردبوو، ئێمەش بەم شەرەفە سوپاسگوزار بووین".

## ساڵە زووەکان:

کوڕو کوڕەزای ئەدمیراڵی دەریاوانی ئەمریکی جۆن سیدنی ماکاین لە ٢٩ ئۆغۆستوسی ١٩٣٦ لە هەرێمی کەناڵی زۆنی پاناما لە ئەمریکا لە دایك بووە. میراتی سەربازی خێزانەکەی، کە ڕێچکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زەوییە بەرزەکانی ئۆسکوتلەندە، بەرەو سەدەی هەژدەمی ئەمریکا درێژدەبێتە، لە سەردەمی جەنگی سەربەخۆیی، یەکێك لە باوانی ماکاین لە ستافی جۆرج واشنتۆندا خزمەتی کردووە.



لە ڕێوڕەسمی سەربازی ئاسایدا، ماکاین ی منداڵ بە خێرایی فێربوو خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئەو ئەرکانەی کە باوکی ناچاری



Time & Life Pictures/Getty Images/Terry Ashe

دەکرد بە خێرایی لە بنکەیەکی دەریاوانی بڕوات بۆ بنکەیەکی تر. ئەم ڕەگ و ڕیشە جێگیرە لەوانەیە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕابێت لە پێدانی سەلیقەی ماکاین. هەروەك خۆی دەڵێ" لە هەر قوتابخانەیەکی نوێ کە دەگەیشتم بە پەرۆش بووم کاری خۆم دەکرد، بە بیروڕا هاروهاجەکانم، دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی کە لە دەستم داون......لە هەر قوتابخانەیەکی نوێ، دەبووم بە دەردەسەری کە هەرگیز لە بیریان نەدەکردم".

لە ساڵی ١٩٥٤ لە ئەلیکساندەریا، ڤێرجینیا، لە قوتابخانەی ئامادەیی ئیپیسکۆپاڵ دەردەچێت، پەیمانی خۆی بۆ ئەکادیمیای دەریاوانی ئەمریکی دووپات دەکاتەوە. لە ئەکادیمیادا وەك خۆی گوتەنی "کۆرسی چوارساڵی بێ یاخیبوون و بێ خۆ بەکەمدانان" تەواوکرد. ناوبانگێکی بەدەست هێنا وەك کەسێکی کۆمەڵایەتی و هەمیشە ئامادە بۆ پارتەکەی، زۆر خەڵات بۆ ڕەفتارەکەی وەردەگرێ و هەمیشە ئەکادیمیانە هەوڵی خۆی دەدات. ماکاین لە ساڵی ١٩٥٨ دەردەچێت.

## فڕۆکەوانی دەریایی و POW

کاتێ پلەی فڕۆکەوانی دەریایی وەرگرت، ماکاین بەشداری قوتابخانەی فڕینی کرد لە پێنساکۆلا لە فلۆریدا، کە لەوێدا باڵەکانی فڕۆکەوانی وەرگرت. لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٦٠، لە چەند کارێکی فڕۆکەوانی بۆ دەریای ناوەڕاست. وەك فڕۆکەوان بۆ بە مەبەستی کار دەرچوو کاتێ ئەمریکا لە ڤێتنام شەڕەکەی قوڵ بۆوە لە ناوەڕاستی ١٩٦٠ەکان، ماکاین خرۆشا بە پلەکانی کۆماندۆ و سور




© AP Images/Library of Congress

Naval fighter pilot John McCain (front right) stands with his squadron.

بوو لەسەر ئەوەی کە کۆماری جەنگی چاوەڕوانکراو باشترین شتە تا بە دەستی بێنێ.

لە ساڵی ١٩٦٧، لە USS Forrestal لە کەنداوی تۆنکین لە کەناری ڤێتنام خزمەتی دەکرد ، ماکاین بە ئاستەم توانی ژیانی خۆی ڕزگار بکات ئاگرێکی گەورە فڕۆکەکەی ئەوی گرتەوە لە کاتی نیشتنەوەی فڕۆکەکەیدا.

لە ٢٦ ئۆکتۆبەری ١٩٦٧ ژیانی ماکاین بۆ تا هەتایە گۆڕا، لە کاتێکدا خەریکی پەلاماری وزە کارەبا بوو لە هانۆی، موشەکێك باڵی لای ڕاستی فڕۆکەکەی لێکردەوە. ماکاین لەو کاتەدا بە دوو دەستی شکاو و قاچێکی شکاوەوە بە پەڕەشوت دادەبەزێتە ناو دەریاچەیەك لە ناوەڕاستی شاردا، یەکسەر دەستگیر دەکرێ، لەگەڵ سوکایەتی و ئازاردانێکی زۆری، لە زنجیرەیەك بەندیخانەی ڤێتنامی بۆ یراوانی جەنگ بە ناوی کەمپەکانی POW. پێنج ساڵ و نیو لە بەندیخانە دەگیرێت.




© AP Images

وەك گیراوەکانی تری POW، ماکاین ئازارێکی زۆری دەدرێت لەلایەن ئەوانەی کە دەستگیریان کردووە بۆ دەرهێنانی زانیاری سەربازی لێی و یان بۆ پروپاگەندە دژی ئەمریکا خراپ لێی دەدرێت. پاش ڕەتکردنەوەی ئەو پێشکەشکردنەی کە ئازادی بکەن، بۆ چەند ڕۆژێك خراپتر لێی دەدەن، لە کۆتاییدا دان پیانانی بە ناچاری پێ واژوو دەکەن، ڕووداوێك کە خەفەتێکی زۆر و ڕەشبینی و شەرمەزاری دەداتێ. کەچی هێشتاش دوای ئەمە لەم بارودۆخە ناخۆشەدا ناوبانگی "خۆگرترین کەس" وەردەگرێت.

ماکاین لە میانەی بەرگەگرتنی لەکاتی گیرانیدا، دوو ساڵ لە بەندیخانەی تاکەکەسی بەند دەکرێت. ماکاین لە بارەی خۆگری هاوڕێکانی لە POW دا دەڵێت "ئەوان وەك مەشخەلێك وابوون بۆ من، مەشخەلێکی ئازایەتی و باوەڕ کە تاماڵەوە بە شەرەفەوە ڕێگای ڕووناك دەکردەوە، من لە دژی ترس و بێ هیوای زۆر هەوڵمدا تا لەو ڕووناکییەدا بمێنمەوە".

### هاتنی بۆ ناو سیاسەت

پاش واژووکردنی ئاشتینامەی نێوان ئەمریکاو ڤێتنامی باکور لە جانێوەری ١٩٧٣، کە ئازادکردنی هەموو بەندیانی POWی لەگەڵ دابوو، ماکاین لە ١٥ ی مارسی هەمان ساڵدا ئازادی خۆی

وەرگرت. سەرەڕای خراپی ئەو برینداریيەی کە لە جەنگدا هەيبوو، ماکاێين بە جدی کاری دەکرد بۆ بەدەست هێنانەوەی ئەو توانا جەستەيیەی، کە هەيبوو بۆ ئەوەی کە توانی بيێتەوە بە فڕۆکەوانی دەريايی.

لە ساڵی ١٩٧٣ەوە بۆ ١٩٧٤ بەشداری کۆلێژی جەنگی نيشتمانی لە واشنتۆن کرد ، نامەيەکی ماجستێری دەنووسێ کە باسی بەرگەگری بەنديانی POW ی دەکرد، بەڵام ئەمە دواتر لە ژيانی ماکاێين دا ئاراستەيەکی ديکەی گرتە بەر. لە ساڵی ١٩٧٧، ماکاێين دەستی کرد بەکار وەك ئەفسەرێکی پەيوەندی دەريايی بۆ سيناتۆری ئەمريکی. لەم ڕۆڵەدا، ڕۆژنامەی نيۆيرك تايمز نووسيويەتی:" حەزی لە بينەو بەردەی جەنگەکانی تەشريعی بوو......پەيوەندی تاکەکەسی خۆی و کاری پرۆفيشناڵی خۆی بنياتنا بە هۆی بەشبەش بوونە ئايديۆلۆژياکانەوە، خاڵێك کە دواتر کاری لە ئەنجومەنی پيران (سيناتۆر) بوو". ساڵی ١٩٨١ پاش پێشکەش کردنی بەرزبوونەوە بۆ بوون بە ئەدميراڵ، خانەنشين بوو، پاشان چوو بۆ ئەريزۆنيا، بۆ ماڵی خێزانی دووەمی سندی، کە لە ساڵی ١٩٨٠ دا خواستبووی. لە ساڵی ١٩٨٢دا يەکەم کاری وەك سياسەتمەدار دەستپێکرد و بۆ کورسييەك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمريکا لە يەکەم کۆنگرێسی مەحەلی ئەريزۆنا بە بەدەستهێنانی سەدا ٦٦ی دەنگەکان پاڵێورا. دووبارە لە ساڵی ١٩٨٤ هەڵبژێردرايەوە. لە کۆتاييدا ماکاێين لە ساڵی ١٩٨٦ کورسييەکی لە ئەنجومەنی پيران "سيناتۆر" لە جێگای کاربەدەست"باری گۆڵدوتەر دانيپ " بەدەست هێناوە.

لە ساڵەکانی سەرەتای کاری لە ئەنجومەنی پيراندا، ماکاێين جەختی لەسەر ئەو باسانە دەکردەوە کە لە ئەزمونی کاری ئەودا نزيك بوون، وەك بەرگری نيشتيمانی، يارمەتی سەربازی و ئاسای کردنەوەی پەيوەندی لەگەڵ ڤێتنام. کارکردن لەسەر ئەم باسەی دوايی لە گەڵ سيناتۆری ديموکراتييەکان"جۆن کێری"، هاوڕێيەکی پاڵەوانی جەنگی ڤێتنام. چەند ساڵێك دواتر کاتێك لە ٢٠٠٤ جۆن کێری پاڵێوراوی ديموکراتەکان بوو بۆ سەرۆکايەتی و کەوتە ژێر تۆمەتی ئەوەی نوێرايەتی خزمەتی سەربازی نەکردووە، ماکاێين بەرگری لە "کێری" ی هاوڕێی کە لە جەنگدا بووە.



© AP Images/Susan Walsh

گەيشتن بەو ديوی ڕێڕەوەکانی سياسەت بۆ ماکاێين شتێکی نابا و نەبووە. هەوڵی داوە بۆ بە نيشاندانی بيروڕايەك لەگەڵ هاوکارە ديموکراتييەکاندا لە ئەنجومەنی پيران لەسەر باس و خواسە ئاڵۆز و مشتومڕ هەڵگرەکان، هەندێجار سەرکەوتووش بووە، وەك لە مەسەلەی ئاسای بوونەوە لەگەڵ ڤێتنام، هەندێجاريش سەرکەوتوو نەبووە، وەك هەوڵی لەگەڵ سيناتۆر ئێدوارد کەنەدی بۆ بە گژداچوونی پرسی کۆچی نایاسایی.

ئێستا لە وەرزی چوارەمیدا لە ئەنجومەنی پيران، ماکاێين دەنگێکی کۆنگرێسی زۆری کۆکردۆتەوە لەگەڵ زۆربەی بيروڕا سياسييەکانی کۆمارييەکان، وەك بەرگرييەکی نيشتيمانی بەهێز، کەمی باج، دژی حاکمە زۆر چالاکەکان، باشکردنی ژيانی بۆ لەبارچووان. هێشتا وەك کەسێکی سەربەخۆ دەور دەبينێ وەك پارێزەرێك بۆ هەڵمەتی ريفۆرمی دارايی و دژێکی بەهێزی پارە

خەرجکردن بۆ پرۆژەی پڕوپاگەندەیی یا قۆرخکردنی شت بۆ کاتی دیاریکراو.

## بوون بە سەرۆك

یەکەم هەوڵی ماکاێین بۆ سەرکردایەتی سیاسی لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە دێت، کاتێ دەبێتە پاڵێوراوی سەرۆکایەتی کۆمارییەکان. زۆر دەنگدەر ئەویان وەك دڵسۆز، نکۆڵکەر و قسە لە ڕوو دەبینی، کە ئەم سیفەتانە نەك تەنها سەرنجی نیشتمانی بەلای خۆی دا ڕاکێشا، بەڵکو یارمەتی پارتە ترادسیۆنەکانیشی داوە بۆ بەلا داهاتنی. پاسی هەڵمەتەکەی لەسەری نووسراوە"دەربڕینەی گووتەی ڕاستەوخۆ". ماکاێین بەردەوام بوو لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی کاریگەر لە دژی جۆرج بۆشی بە حیساب براوە، هەرچەندە ئەنجامی تێکەڵی لێکەوتەوە، بۆیە لە هەندێ ویلایەتدا سەرنەکەوت لە ڕاکێشانی ئەندامی تەواو لە دەنگی کۆمارییەکان. پاش ژێرکەوتنی لە هەندێ ویلایەتی وەك کالیفۆرنیا و نیۆرك، ماکاێین گومانی هەڵمەتی پڕوپاگەندەکەی کرد و لە کۆتاییدا هاوکاری خۆی خستە پاڵ بۆش، کە گەڕایەوە کۆشکی سپی بۆ دەستی کۆمارییەکان وەك هەڵبژاردن بۆ سەرۆك.

لە چەند ساڵی دواتردا، پرۆفایلی ماکاێن ی لە سیاسەتی نیشتمانی بەرز مایەوە، کۆنگرێس لە کۆتایدا یاسایەکی لە ساڵی ٢٠٠٢ دەرکرد لەسەر ڕیفۆرمی دارایی ماکاێین وەك پارێزەرێك بۆ ڕێبازێکی بەرگری نیشتمانی بەهێز، یارمەتی بڕیاری داگیرکردنی عێراقی دا لە ساڵی ٢٠٠٣، هەرچەندە دواتر بە توندی ڕەخنەی لە شێوازی شەڕ گرت لە سەرەتاکەیدا.

لە ساڵی ٢٠٠٤ دووبارە بە مارجنی ٧٧ بۆ ٢١ لە سەدا بۆ ئەنجومەنی پیران هەڵبژێردرایەوە. سەرەتا ماکاێین ، ئەگەر وەك براوەش نەبێ، بۆ پاڵاوتنی سەرۆکایەتی کۆمارییەکان لە ٢٠٠٨ وەك ڕکابەرێك دەبینرا. کەچی پانتاییەکی وەك گەورەی کاندیدە کۆمارییەکان هاتنە ناو پێشبڕکێکە و لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستیان بە ڕێکخستن کرد، هەڵمەتی ماکاێین بە گۆڕینی ستاف لە ڕەگ و ڕیشەوە، کێشەی دارایی گەورە و کەمی ئەنجامی دەنگەکان دەستی بە تێکشکان کرد، خۆگری ماکاێین دووبارە لە بردنی ئەو بۆ نێو ئەو ماوە ناخۆشەدا فاکتەر زەرورییەی سەلماند. یەکێك لە ئامۆژگاری پێی دەگووت:" ستراتیجیەتێکی زۆر ئاڵۆزم بۆ تۆ هەیە،


© AP Images/Stephan Savoia

له نێو پێشبڕکێکه بمێنیته‌وه تا کو ده‌بیته دواهه‌مین پیاو له‌وێدا".

ئه‌مه‌ش ئه‌و شته بوو که‌ماکاین کردی. یه‌که‌م رووبه‌روو بوونه‌وه‌ی ڕکابه‌رایه‌تی له ئایۆوا بڕی. ماکاین له ٨ی جانێوه‌ر له نیوهامسفایه‌ر جه‌ختی له‌سه‌ر هه‌وڵه‌کانی کرده‌وه له ساڵی ٢٠٠٠ پاش ئه‌وه‌ی ماکاین له‌نیوهامسفاریه‌ر چه‌ند مانگێکی به‌سه‌ربرد و ١٠١ کۆبوونه‌وه‌ی له هۆڵی شارۆچکه‌کان له‌گه‌ڵ ده‌نگده‌ران گێڕا، سه‌رکه‌وتنێکی گه‌وره‌ی به‌سه‌ر ڕکابه‌ره کۆمارییه‌کان به‌ده‌ست هێنا.

هه‌رچه‌نده سه‌رکه‌وتنه‌کان له ویلایه‌ته‌کانی تردا له نێو ماکاین و ماساشوسێت، میت رۆمنی و حاکمی ویلایه‌تی ئارکه‌نسان مایك هوکابی، دابه‌ش بوو، ماکاین له ٥ی فیبرایه‌دی"دووشه‌مه‌ی گه‌وره"، پێشه‌وه مایه‌وه هه‌ڵبژاردنی گه‌وره له هه‌مان کاتدا له زیاتر له بیست ویلایه‌ت ئه‌نجام درا، ماکاین له هه‌ندێ ویلایه‌تی وه‌ك کالیفۆرنیا، ئیلنواس و نیۆرك سه‌رکه‌وتنی به‌ده‌ست هێنا، ڕێبه‌رییه‌کی ئه‌وه‌نده نوێنه‌ری کۆکرده‌وه که هیچ له ڕکابه‌ره‌کانی نه‌یانتوانی بیگه‌نێ. له ٤ی مارسی ٢٠٠٨، سه‌رکه‌وتنی له ویلایه‌تی ئۆهایۆ و تکساس ڕێی به ماکاین دا ١١٩١ نوێنه‌ر بۆ ده‌سته‌به‌ر کردنی پالاوتنی سه‌رۆکایه‌تی کۆمارییه‌کان کۆ بکاته‌وه.

## سه‌رۆکایه‌تی ماکاین

مه‌سه‌له‌ی ته‌مه‌نی ماکاین له کاتی هه‌ڵمه‌ته‌که‌دا قسه‌ی له‌سه‌ر کرا، ئه‌گه‌ر ماکاین هه‌ڵبژێردرا، ئه‌وا په‌یمان ده‌دات له ته‌مه‌نی ٧٢ ساڵیدا، که گه‌وره‌ترین سه‌رۆکه له یه‌که‌م وه‌رزی دا. هه‌وڵی داوه گرنگی به ته‌مه‌ن و ته‌ندروستی نه‌دات. به هۆی به‌رنامه‌یه‌کی هه‌ڵمه‌تی چالاك و ئه‌و سوحبه‌تانه‌ی که رووبه‌رووی ده‌کرێ. به نوکته ده‌گووترێ "له زبل پیرتره" یا له "فرانکشتاین ترسێنه‌رتره". له‌وانه‌یه ماکاین نامه‌یه‌ك بنێرێ له‌وه‌ی که ته‌ندروستی و توانای له سه‌رووی داوای سه‌رۆکایه‌تییه. به هۆی هێنانی دایکی ٩٦ ساڵه‌ی به‌هێزی بۆ هه‌ڵمه‌ته‌کانی هه‌ڵبژاردن ئه‌م گومانه ده‌ڕه‌وێنێته‌وه.


© AP Images/Emilio Morenatti

مینبه‌ری هه‌ڵمه‌تی ماکاین ره‌نگدانه‌وه‌ی هاوکاری زۆر ڕێبازی کۆماری ترادسیۆنی یه، به‌ڵام ئاره‌زوویه‌کیشه بۆ نه‌خشه‌کێشانی کۆرسێکی نوێ که ئه‌و باوه‌ڕی وایه پێویسته. پارێزه‌ری ڕاسته‌خۆ و زووی ٢٠٠٧ بۆ هه‌ڵمه‌تی هێزه‌کانی ئه‌مریکا له عێراق، ماکاین مشت ومڕی درێژکردنه‌وه‌ی ماوه‌ی هێزه‌کانی ئه‌مریکای له عیراق و ئه‌فغانستان کرد تاکو ئه‌و دوو ولاته ده‌توانن سه‌قامگیری به‌ده‌ست بهێنن، شان به شانی ئه‌وه‌ش مشت و مڕی له‌سه‌ر شه‌ڕکردن کرد له دژی تیرۆریزمی نێوده‌وڵه‌تی ده‌رکردو، هێزی پلانه‌که‌ی بانگه‌شه‌ی به‌کارهێنانی هێزی ئه‌تۆمی و نه‌وت ده‌رهێنان ده‌کات له گشت شوێنه‌کانی ئه‌مریکا، له کاتێکدا ڕێبازی ئابووری ئاره‌زووی زیادکردنی کاتی ئه‌و باجه ده‌کات که له‌سه‌رده‌می سه‌رۆکایه‌تی بۆش که‌م کرابۆوه.

له مه‌سه‌له‌کانی تردا، هه‌رچه‌نده په‌یمانی به‌رنامه‌یه‌کی تری داوه، جیاواز له‌وه‌ی که له به‌ڕێوه‌بردنی ئێستای دا هه‌یه.بۆ نموونه: ته‌ئکیدی له‌سه‌ر کارکردن له‌سه‌ر پرسه‌کانی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه. له‌گه‌ڵ هاوپه‌یمانه‌کانی ئه‌مریکا کردۆته‌وه هه‌روه‌ها په‌یمانی زیاتری داوه بۆ کاردانه‌وه بۆ مه‌ترسییه جیهانییه‌کان و گۆڕانی که‌ش و هه‌وا، له‌وانه تا ساڵی ٢٠٥٠ سه‌دا شه‌ستی ئه‌و تێلگانه‌ی گاز ده‌رده‌ن، ده‌برد‌ێت.

هه‌رشتێك له هه‌ڵبژاردنی ٢٠٠٨ رووبدات، به بێ گومان جۆن ماکاین به‌رده‌وام ده‌بێ له خزمه‌تکردنی ئه‌و ولاته‌ی که ژیانی خۆی بۆ ته‌رخان کرد. هۆکاره‌که‌ش بۆ وانه‌یه‌کی بچوك ده‌گه‌ڕێته‌وه که له ژیاننامه‌که‌یدا باسی ده‌کات له‌و کاته‌ی له ڤێتنامی باکور دا

# دیدی جۆن ماکاین بۆ ئاینده

گیراوه، ئەویش ئەوە:" نەمزانی، تا ئەوکاتەی بۆ ماوەیەك ئەمریکام لە دەست دا، چەند ئەوم خۆشدەوێت".

دەقە وەرگێراوەکانی نیو بابەتی "ڕێبازی دەرەوەی ئەمریکی: لێرەوە بەرەو کوێ دەڕۆین" لە بەرواری ٢٦ مارسی ٢٠٠٨، لێدوانێك لەسەر قونسوڵییەی کاروباری دەرەوەی لۆس ئەنجلۆس دەدات.

سەرکردایەتی کردن لەسەردەمی ئێستادا مانای شتێکی جیاوازتر دەبەخشێ لەوەی کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە دووەمەوە هەبوو، لەو کاتەی کە ئەوروپا و ولاّتە دیموکراسیەکانی تر هێشتا خەریکی خۆچاککردنەوە بوون لە خاپورییەکانی جەنگ و ئەمریکاش تاکە هێزی سەرەکی دیموکراتی بوو. ئەمڕۆ ئێمە تەنیا نین. ئەوەتا دەنگێکی کۆکبووی بەهێزی یەکێتی ئەوڕوپی هەیە و گەر ناوی هەندێ لەو ولاّتە دیموکراسییانە بهێنین، میللەتانی گەورەی وەك هندستان، یابان، ئوستراڵیا، بەڕازیل، کۆریای باشور، ئەفریقیای باشور، تورکیا و ئیسرائیل هەیە. هەروەها میللەتانی گەشە کردووی وەك چین و ڕوسیاش هەن کە کاریگەری گەورەیان بەسەر سیستەمی نێودەوڵەتی هەیە.

لە جیهانێکی وەك جیهانی ئێمە، کە هەموو جۆرە هێزێك بە فراوانی بوونی هەیە، ئەمریکا بە تەنها ناتوانێ بە هۆی ئەو هێزەیەوە ڕێبەری بکات، ئێمە دەبێ لە ڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازییەوە بەهێز بین، بەلاّم دەبێ بە سەرنجڕاکێشانی خەڵکانی دی بۆ ئەو ئامانجەی هەمانە، بە جارێکی تر پیشاندانی سەربەخۆیی و دیموکراسی ڕێبەرایەتی بکەین ئەویش بە هۆی بەرگری کردن لە ڕێساکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دروست کردنی دامەزراوەی نوێی نێودەوڵەتی پێویست بۆ بەرەو پێش بردنی ئەو سەربەخۆیی و ئاشتییەی لافی بۆ لێدەدەین.

***************

لە ناو دڵی ئەو ڕێککەوتنە نوێیەدا، دەبێ متمانە و ڕێزی دوو لایەن هەبێ. با وشەکانی پێشینەکانمان لە ڕاگەیاندنی دەستوردا بە یاد بهێنینەوە کە دەبێ باجی" ڕێز بۆ ئەو ڕادەربڕینەی کە بۆ ڕەگەزی مرۆڤایەتی" هەمانە بیدەین. دەسەلاّتی گەورەی ئێمە مانای وا نییە هەر کاتێ ئەوەی دەمانەوێ بیکەین، هەروەها مانای ئەوەش نییە، کە ئێمە هەموو ژیری و زانیارییەکی تەواومان هەیە لەوەی کە پێویستە بۆ سەرکەوتن هەمان بێ. ئێمە دەبێ گوێ لە تێڕوانینی هاوپەیمانە دیموکراتەکان بگرین و ڕێزی ڕایەکانیان بگرین. کاتێ کە باوەڕ دەکەین هەنگاوی نێودەوڵەتی پێویستە، جا سەربازی، ئابووری یا دیپلۆماسی بێ، ئێمە هەوڵدەدەین قەناعەت بە هاوڕێکانمان بکەین کە ئێمە لەسەر ڕاستین. بەلاّم دەبێ ئێمەش لە بەرامبەردا ئارەزوومان لەوە هەبێ لەلایەن ئەوانەوە بین. ئەگەر بمانەوێ خەڵکانی تر چاومان لێ بکەن، ئەمریکا دەبێ ببێتە نموونە بە هاوڵاتیبوونێکی نموونەیی. ئێمە چۆن لە ناوەوە ڕەفتار بکەین، ئاواش لە دەرەوە لێمان دەڕوانن. ئێمە دەبێ جەنگ دژی تیرۆریستان بکەین، لە هەمان کاتیشدا بەرگری لەو مافانە بکەین کە بەرنامەی کۆمەڵگای ئێمەن.


***************

تەنها ئەمریکا جەنگی سادی نەبردەوە، بەڵکو پەیمانی ئەتلەسی بردیەوە، لە گەڵ هاوکارەکانی تر لە دونیادا. ئەو هاوپەیماننامانەی کە ئێمە لە گەڵ ئەوروپا بە هاوبەش هەمانە لە ڕوانگەی مێژوو و بەهاکان و سوودەکان، چەند شتێکی دەگمەنن. ئەمریکییەکان دەبێ پێشوازی لە یەکێتییەکی ئەوروپی بەهێز و بەتوانا بکات. لەو کاتەی کە ئێمە یارمەتی ناتۆی بەهێز دەدەین. ئایندەی پەیوەندی پەیمانی ئەتلەسی دەوەستێتە سەر ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو تەحەدییانەی کە لە جیهانی سەدەی بیست و یەك هەیە، وەکەم: گەشەپێدانی ڕێبازی وزە، دروستکردنی کە ئابووری ئێمە زیاتر بەیەك ببەستێتەوە و نمایشکردنی ئەو مەترسییانەی کە لەلایەن ڕوسییە تۆڵە سێنەرەوەکان هەیە، هەروەها بنیاتنانی هاوکارییەکانی ئێمە لەسەر باسەکانی وەك گۆڕانی کەش و هەوا، هاوکاری دەرەوە و برەودان بە دیمۆکراسی.

***************

ئەگەر ئێمە لە کێشکردنی هاوپەیمانییەکی جیهانی بۆ ئاشتی و ئازادی سەرکەوتوو بووین، گەر ئێمە ڕێبەرایەتی لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتیمان هەڵگرت و ڕێگەکەمان بەرە و ئایندەیەکی باشتر و ئارامتر بۆ مرۆڤایەتی ڕێنمونی کرد، باوەڕم وایە وەك نەتەوەیەك قازانجی بەردەستەمان دەست دەکەوێت.

# مـــاكاێین لـــه زاری خـــۆیەوە



لــە وتەكانیــدا لــە ســیمیناری نیــشتمانی كۆمارییــەكان، لــە ٤ی سێبتێمبەری ٢٠٠٨، جۆن ماكاێین وەسفی ئـەو هەسـتە دەكات،كە لەماوەی گیرانیدا لە باكوری ڤێتنام بۆ ماوەی زیاتر لـە پێـنج سـاڵ، بەرامبەر ئەمریكا بۆی دروست بوو.

بۆ مـاوەی چـەندین سـاڵ مـن خزمـەتكارێكی ناتـەواوی وڵاتـەكـەم بووم، بەڵام هەر بووم بە خزمەتكاری یەكەم و كۆتایی و هەمیـشەیی ئـەو، بـۆ ڕۆژێكـیش نـەژیاوم لـەوەی لەسـەر ئـەم پێـدانی شـەڕەفە سوپاسی خوام نەكردبێ.

لەمێـژە، شـتێك بەسـەردا ڕووی دا كـە وانەیـەكی زۆر بـەهاداری ژیانی فێركـردم. مـن زۆر ناخۆشـیم تـوش دەبـوو، بـە دڵـسۆزییەوە وادەلـێم. بـەڵام میهرەبـانیم بەسـەردا ڕژا لەبـەر ئـەوەی لـە گـەڵ پاڵەوانـەكان خزمـەتم كـرد، بـووم بـە شـاهێدی سـەدان كـرداری جەربەزەیی و سۆز و خۆشەویستی.

لە بەیانییەكی ئۆكتۆبەردا، لە كەنداوی تـۆنكین، خـۆم بـۆ ئـەركی ٥٢ ەیەمین ئامادە بۆ سـەر بـاكوری ڤێتنـام دەكـرد. هـیچ نیگـەران نەبووم لەوەی بە ئـارامی ناگەڕێمـەوە. بـیرم دەكـردەوە لـەو كـاتی سەربەخۆ بووم. كـە لـە هـەموو كەسـێكی تـر خـۆگرترم، حـەزم لـە چـەماندنەوەی هەنـدێ یاسـا دەكـرد، هەنـدێ كاریـشم بـۆ خۆشـی دەكـرد. لەبـەر ئـارەزوو و لوتبـەرزیی خـۆم بـیرم نـەدەكردەوە كـە هۆكارێكی زۆر لە من گەورەتر هەیە.

پاشان لە شاری هانۆی خۆم لە ناوەڕاستی دەریاچەیەكی بچووك بینیـەوە ، بـە دوو دەسـتی شـكاو و قاچـێكی شـكاوەوە، لەگـەڵ حەشامەتێك كە چاوەڕوانیان دەكرد، سڵاوم لێبكەن. فڕێدرامـە نێـو بەندیخانەیەكی تاریكەوە، بۆ مردم جێهێڵدرام. چیتر خۆم بـە خـۆگر نـەدەزانی. پاشـان كـە زانیـان بـاوكم ئـەدمیراڵ بـووە، بردمیانـە نەخۆشـخانە. بـە تـەواوی نـەیانتوانی ئێـسكەكانم بخەنـە شـوێنی خۆیان. كە باشتر نەبووم لەگـەڵ دوو ئـەمریكی تـردا منیـان خـستە بەندیخانەوە. نەم دەتوانی هیچ بكـەم، بگـرە نـەم دەتـوانی نـانیش بخۆم، ئەو دوو ئەمریكییە ئەو كارەیان بۆ كردم. لەو كات هەستم بە سنووری خۆپـەرستییەكانی خـۆم دەكـرد. ئـەم دوو پیـاوە ژیانیـان ڕزگاركردم.

مـن لـە بەندیخانـەی ئینفـڕادی بـووم ، كـە ڤێتنامییـەكان بڕیـاری بـەرەڵاكردنیان پێـشكەش كـردم. زانـیم لەبـەر چییە. ئەگـەر مـن بچوومایە ماڵەوە، ئەوان وەك پڕو پاگەندەیەك بـۆ لاوازكردنـی ورەی هاوڕێیـە بەندییـەكانی تـرم.بـەكاریان دەهێنـا دەسـتورمان، دەڵێـت تەنها لەو كاتەی كە فـەرمانمان پێـدەكرێت و لـەو كاتـەش كـە پیـاو دەزانێ تەقەی لێدەكرێ، بچێتە ماڵەوە. بۆیە مـن بـیرم لێكـردەوە. لە حاڵەتی تەندروستییەكی باشدا نەبووم، هەموو شتێكم لـە بـارەی ئەمریكا لە یادچوو، بەڵام داوایەكەی ئەوانم ڕەتكردەوە.

زۆر گیراوی تر لە من خراپتریـان بەسـەرهات، پێـشتر سـوكایەتیم پێكرا، بەڵام نەك وەك كەسانی تر. هەمیشە دوای ئەوەی كـە خـراپ مامەڵـەم لـە گـەڵ دەكـرا، هـەوڵم دەدا كـەمێك بـە پـێ بـڕۆم تـا بـە هاوڕێكانم پێـشان بـدەم، كـە خـۆگرم بـۆ بەرگـەگرتنی. بـەڵام دوای ڕەتكردنەوەی داواكـەیان، ئـەوان خـراپتر لـە جـاران كاریـان لەسـەر دەكردم. بۆ ماوەیەكی درێژیش.

كـاتێ هێنامیانـەوە بۆبەندیخانەكـە، هـەموو لەشـم دەهێـشا و شەرمەزاربووم، نەم دەتوانی چۆن ڕووبـەڕووی هـاوڕێ بەندییـەكانم ببمەوە، ئەو پیاوە باشـەی كـە ژوورەكـەی لـە تەنیـشت ژووری مـن بوو، هاوڕێم بۆب كارنەر، ڕزگاری كردم. بە هۆی تەپە تەپ كردن بە دیوارەكەوە پێی گوتم: تۆ ئەوەی لەتواناتدا هەبووە جەنگاوی. هیچ مرۆڤێك هەمیشە بەتەنها بەرگە ناگرێ. پاشان پێـی گـوتم: دووبـارە هەڵـسمەوە لـە پێنـاو وڵاتەكـەم و ئـەو پیاوانـەی كـە شـەرەفی خزمەتكردنیانم لەگەڵ پێ بەخشراوە، بجەنگم.

كە لە وڵاتێكی تر بەند بووم، خۆشەویستی وڵاتی خۆمم كەوتـە دڵ، من وڵاتی خۆم خۆشویـست، نـەك لەبـەر ئـەو خۆشـییانەی كـە لێـی هەبوون، بەڵكو بۆ ڕێزەكەی، بۆ هەبوونی ئەو باوەڕەی كە لە پێنـاو ژیری و دادپەروەری و چاكەی خەڵكەكەی هەیبوو. وڵاتەكەم خـۆش ویست، لەبەر ئەوەی نەك هەر شوێنێك بوو، بەڵكو ئایدیاو ئامانجێك بوو شایانی جەنگان بوو بۆی. من هەرگیز وەك جاران نـەبووم. ئـەو پیاوەی جاران نەبووم، من پیاوی وڵاتەكەم بووم.

# John McCain in Facebook





John McCain

| | |
|---|---|
| Country: | United States |
| Currently Running For | |
| Office: | President |
| Party: | Republican Party |
| Current Office | |
| Office: | Senate |
| State: | Arizona |
| Party: | Republican Party |
| Detailed Info | |
| Gender: | Male |
| Birthday: | August 29, 1936 |
| Political Views: | Conservative |
| Religious Views: | North Phoenix Baptist Church |
| Interests: | Sports, Hiking, Fishing, Boxing, Basketball, Football, Baseball, History |

| | |
|---|---|
| Favorite Movies: | Viva Zapata, Letters From Iwo Jima, Some Like It Hot |
| Favorite Books: | For Whom the Bell Tolls |
| Favorite TV Shows: | 24, Seinfeld |
| | |
| Work Info | |
| Employer: | Running for President |
| Position: | Candidate for the Republican Party |
| Time Period: | April 2007 - Present |
| | |
| Employer: | United States Navy |
| Position: | Captain, Squadron Commander, Pilot |
| Time Period: | 1958 - 1981 |
| Description: | Naval honors include the Silver Star, Bronze Star, Legion of Merit, Purple Heart, and the Distinguished Flying Cross. |
| | |
| Employer: | United States Congress |
| Position: | Senator |
| Time Period: | 1986 - Present |
| Description: | Elected to the United States Senate to take the place of Arizona's great Senator Barry Goldwater. Senator McCain is currently the senior senator from Arizona. |
| | |
| Employer: | United States Congress |
| Position: | U.S. Representative |
| Time Period: | 1982 - 1986 |
| Description: | Elected to Congress representing what was then the first congressional district of Arizona. |
| | |
| Education Info | |
| Colleges: | United States Naval Academy '58<br>National War College '73 |
| | |
| Contact Info | |
| Email: | info@johnmccain.com |
| Phone: | 703-418-2008 |
| Location: | P.O. Box 16118<br>Alexandria, VA 22215 |

Source: http://www.facebook.com/johnmccain as visited 22 August 2008.

# Barack Obama in Facebook




Barack Obama

| | |
|---|---|
| Country: | United States |
| **Currently Running For** | |
| Office: | President |
| Party: | Democratic Party |
| **Current Office** | |
| Office: | Senate |
| State: | Illinois |
| Party: | Democratic Party |
| **Detailed Info** | |
| Gender: | Male |
| Relationship Status: | Married to Michelle Obama |

| | |
|---|---|
| Birthday: | August 4, 1961 |
| Religious Views: | Christian |
| Interests: | Basketball, writing, loafing w/ kids |
| Favorite Music: | Miles Davis, John Coltrane, Bob Dylan, Stevie Wonder, Johann Sebastian Bach (cello suites), and The Fugees |
| Favorite Movies: | Casablanca, Godfather I & II, Lawrence of Arabia and One Flew Over the Cuckoo's Nest |
| Favorite Books: | Song of Solomon (Toni Morrison), Moby Dick, Shakespeare's Tragedies, Parting the Waters, Gilead (Robinson), Self-Reliance (Emerson), The Bible, Lincoln's Collected Writings |
| Favorite TV Shows: | Sportscenter |
| Favorite Quotes: | "The arc of the moral universe is long, but it bends towards justice."(MLK) |

Work Info

| | |
|---|---|
| Employer: | United States Senate |
| Position: | Senator |
| Time Period: | January 2005 - Present |

Education Info

| | |
|---|---|
| Grad School: | Harvard Law '91 |
| Colleges: | Columbia '83<br>Political Science, with a concentration in International Relations<br>Occidental '83 |

Contact Info

| | |
|---|---|
| Phone: | 8666752008 |

Source: http://www.facebook.com/barackobama as visited 22 August 2008.

# ئۆباما لە زاری خۆیەوە

*دۆمینیك دیپاسكاڵ*




ژیاننامەی بیۆینەی باراك ئۆباما و ئەو سەركەوتنەی لە هەڵمەتی پاڵاوتنی سەرۆكایەتی لە پارتی دیموكراتیدا بەدەستی هێنا لاپەڕەیەكی نوێیان لە سیاسەتی ئەمەریكی كردۆتەوە.

ئۆباما، یەكەمین پاڵێوراوی سەرۆكایەتیی ئەمەریكی بە ڕەچەڵەك ئەفریقی كە سەركەوتبێ لە پاڵاوتنەكانی پارتێكی سیاسیی سەرەكیی ئەمەریكا، سەرگوزارشتەیەك لەگەڵ خۆی دێنێ، كە وەكو هیچ پاڵێوراوێكی پێشوو نییە. كوڕی دوو ڕەچەڵەكی باوكێكی كینی و دایكێكی سپیپیسێست لە جەرگەی خاكی ئەمەریكاوە ئۆباما لەسەر ئاستی نەتەوەیی، لە ٢٠٠٤ بەو وتارەی كە بیرۆكەی سەرەكیی كوڕی نەتەوەیی دیموكڕاتیی تێدابوو دەركەوت، هەمان ساڵدا هەڵبژێردرا لە ویلایەتی ئیلینۆی بۆ ئەنجومەنی پیران. تەنها دوای چوار ساڵ گەیشتە لوتكەی مەیدانێك كە پڕ بوو لە كەسایەتی خاوەن كاریگەری لە پارتی دیموكراتی و پاڵاوتنی پارتەكەی بۆ سەرۆكایەتی بە بەرژەوەندی خۆی كۆتایی پێهێنا.

بە ستایلێكی جوانی قسەكردن و شارەزایی لە زمانێكی پاراو و توانای بەرزكردنەوەی جۆش وخرۆشی دەنگدەرەلاوەكان و بەكارهێنانی زیرەكانەی ئینتەرنێت وەكو ئامرازێكی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، لەوانەش توانای بەرپاكردنی جەنگێك بەشێوەیەكی كاریگەر لە دژی خەندەقە سیاسییە كۆنباوەكانی سەردەمی جەنگ لە كاتێك ئەو بە ماوەیەكی دوور و لە ماوەی پێنج مانگدا توانی ڕكابەرە سەرەكییەكەی سیناتۆر هیلاری ڕۆدهام كلینتۆن ببەزێنێ.

لە هەڵمەتەكەیدا، ئۆباما جەختی لەسەر دوو بیرۆكەی سەرەكی كردەوە كە لەلایەن هەمووانەوە پیشوازیی لێ كرا: گۆڕینی شێوازی تەقلیدیی واشنتۆن بۆ ڕێكخستنی كاری نەتەوەكەی و بانگهێشتكردنی ئەمەریكییەكان ئەوانەی كە ئایدیۆلۆژیای پێچەوانەیان هەیە و ئەوانەی باكگراوندی جیاوازی كۆمەڵایەتیی یان ڕەچەڵەكییان هەیە، لە پێناو بەرژەوەندی هاوبەش یەك بگرن.

ئۆباما لە وتارەكەی ساڵی ٢٠٠٤ بۆ كۆنگرەی نەتەوەیی دیموكڕاتیی گوتی"شتێك نییە پێی بگوترێ ئەمەریكای لیبڕاڵ و ئەمەریكای موحافزكار – بەڵكو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەیە. شتێ نییە بە ناوی ئەمەریكای ڕەشپێستەكان یان ئەمەریكای سپیپێستەكان یان ئەمەریكای لاتینییەكان یان ئەمەریكای ئاسیاییەكان، بەڵكو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەیە...ئێمە یەك میللەتین، هەمووومان بەڵێنی دڵسۆزیی بۆ ئاڵای ئەمەریكیی دەدەین، هەمووومان بەرگریی لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەكەین."

## ساڵە زووەكان:

دایك و باوكی ئۆباما هەر یەكەو لە باكگراوندێكی زۆر جیاوازەوە هاتوون، ئان دەنهام، لە شارۆچكەی كەنساس لە دایكبووە و گەورە بووە. دوای ئەوەی خانەوادەكەی بۆ دوورگەكانی هاوای

گواستیانەوە، لەوێ باراك ئۆبامای گەورە (باوك)ی ناسی، كە خوێندكارێكی كینی بوو لە زانكۆی هاوای زەماڵەی پێدرابوو و وەرگیرابوو. ئەو دووانە لە ساڵی ١٩٥٩ زەماوەندی هاوسەرییان پێكهێنا و لە ٤ی ئابی ١٩٦١ باراك ئۆبامای بچووك (كوڕ) لە هۆنۆلولو لە دایكبوو. دوای دوو ساڵ ئۆبامای گەورە خانەوادە نوێیەكەی لەبەر دوو هۆ جێهێشت، یەكەم بۆ ئەوەی خوێندنی باڵا لە زانكۆی هارڤەرد بخوێنێ، دواتریش بۆ كارێك وەكو ئابووریناسێكی حكومی لە كینیا كار بكات. ئۆبامای گەنج تەنها یەك جار باوكی خۆی بینیەوە، ئەو كات لە تەمەنی ١٠ ساڵان بوو.

كاتێك ئۆباما تەمەنی شەش ساڵان بوو، دایكی دووبارە شووی كردەوە، ئەمجارەیان بە بەڕێوەبەرێكی نەوتیی ئەندەنوسی. خێزانەكە دووبارە گوێزایانەوە ئەمجارەیان بۆ ئەندەنوسیا، ئۆباما چوار ساڵی بە چوونە قوتابخانە لە جاكارتای پایتەختی ئەندەنوسیا بردە سەر. دواجار گەڕایەوە بۆ هاوای و چوو بۆ قوتابخانەی دواناوەندی، لە كاتێكدا لەگەڵ داپیر و باپیری(لە پشتی دایكی) دەژیا.

لە یەكەم كتێبیدا، خەونەكان لە باوكمەوە، ئۆباما باسی ئەو ماوەیەی ژیانی دەكات، كە بەشی ئەو لە ئاثارامی هەرزەكاری زیاتر لە باری ئاسایی بووە، چونكە بۆ سەر دەركردن لەو بۆماوەیە دوو نەژادییە لە بەربەرەكانێدا بووە، كە دوونەژادیش هێشتا لە ویلاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا شتێكی ناباو بوو.

ئەوەی كە ئۆباما لە هەردوو كلتووری ڕەشپێست و سپیپێستەوە ڕەچەڵەكی گرتووە، ڕەنگە یارمەتیدەر بووبێ لە پێدانی ئەو دیدە فراوانەی كە ساڵانی دواتر بە سیاسەتی بەخشی، دیدێك كە لە هەردوو گۆشەنیگاكانەوە سەر دەردەكات.

كەساندرا بەت، هاوپۆلی ئۆباما لە كۆلێژی یاسا بە لاریسا فاركوار نووسەر لە گۆڤاری نیو یۆركەری ڕاگەیاند، كە" ئۆباما توانایەكی سەرسوڕهێنەری هەیە لە بەیەكەوە بەستنەوەی واقیعی پێچەوانە و گونجاندنیان، ئەمەشی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ كاتێك كە تۆ لە ماڵێكدایت كە سپیپێست بەخێوت دەكەی و ئاگایان لێت دەبێ، كەچی كە دەچیتە دەرەوە بۆ نێو دونیا وەكو ڕەشپێستێك تەماشا دەكرێی".

ئۆباما بۆ ئەوەی بچێتە كۆلێژی ڕۆژئاوایی لە لۆس ئەنجلۆس بۆ ماوەی دوو ساڵ جارێكی تر هاوای جێهێشت. پاشان چوو بۆ نیویۆرك و لە ساڵی ١٩٨٣بڕوانامەیەكی بەكالۆریۆسی لە زانكۆی كۆلۆمبیا بە دەست هێنا. لە وتاری بڕوانامەبەخشیندا، لەو كاتە



© AP Images/Obama Presidential Campaign

ئۆباما شێوازی بیركردنەوەی خۆی وەسف كرد:..." لەو كاتەی كە لە كۆلێژ دەرچووم، من بیرۆكەیەك هەموو مێشكمی داگیر كردبوو – من دەبێ لە ئاستێكی بنچینەییدا كار بكەم تا گۆڕان بێنمە كایەوە."



© AP Images/Seth Perlman

## بۆ خزمەتی گشتیی بانگهێشت دەکرێ

لە گەڕان بە دوای ناسنامەی خۆی و ئاراستەیەکی پڕ لە ئامانج لە ژیانیدا، ئۆباما لەساڵی ١٩٨٥ کارەکەی خۆی وەکو نووسەری دارایی لە کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاریی جیهانیی واز لێهێنا و ڕێی شیکاگۆی گرتەبەر. لەوێ ئەو وەکو ڕێکخەرێکی کۆمەڵگە بۆ هاوپەیمانێتییەکی کڵێسا ناوخۆییەکان لە بەشی باشووری شاردا کاری دەکرد، کە ناوچەیەکی ئەفریقی -- ئەمەریکییەکان بوو کە زیانی زۆری پێگەیشتبوو ئەنجامی گۆڕان لە مەڵبەندێکی دروست کردن و بەرهەم هێنان بۆ ئابوورییەکی پەیوەست بە خزمەتگوزارییەوە.

چەندین ساڵ دواتر لە وتارێکدا کە ئۆباما پاڵاوتنی سەرۆکایەتیی خۆی ڕاگەیاند گوتی:" باشترین پەروەردە کە من لە ژیانمدا دەستم کەوتبێ لەو گەڕەکانەدابوو، کە هەر لەوێش مانای ڕاستەقینەی باوەڕی مەسیحییەتیی خۆم فێربووم"

وەکو: دووبارە پەرەپێدانی ئابووریی و ڕاهێنانی پیشەیی و هەوڵەکانی پاککردنەوەی ژینگە. ئەو ڕۆڵی بنچینەیی خۆی وە ڕێکخەرێکی کۆمەڵگە دەبینی، هەروەها وەکو هاندەرێك کە هاوڵاتییانی ئاسایی لە هەولێکدا بۆ پێکهێنانی ستراتیژیی ڕەسەن بۆ بەهێزکردنی سیاسیی و ئابووری لە بنکەوە بۆ لوتکە ئامادە دەکرد.

دوای سێ ساڵ کارکردن بەو جۆرە، ئۆباما گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بۆ هێنانە کایەی پێشوەچوونی ڕاستەقینە لەو کۆمەڵگە نیگەرانانە لە بواری یاسا و ڕامیاری پێویستیی بە دەستتێوەردان لە ئاستێکی بەرزتر هەیە. بەم پێیە، ئۆباما چوو بۆ کۆلێژی یاسای هارڤەرد، کە بەوە دیارکەوت کە بوو بە یەکەم سەرۆکی ڕەشپێستی هەڵبژێردراوی گۆڤاری لۆ ڕیڤیوی هارڤەرد، وە لە ساڵی ١٩٩١ لە کۆلێژ بە پلەی"ماگنا کوم لۆودی" دەرچوو کە دووەم لەو سێ باشترین پلەیەیە کە بتوانرێ بە دەست بێ.


AP Images/Manuel Balce Ceneta

دەیڤید ئاکسلرۆد، تێبینی ئەوەی کرد، کە بە پشتبەستن بەو بەڵگەنامانەوە " ئۆباما دەیتوانی هەر شتێك بیەوێ بیکات"ئێستا کە بەڕێوەبەری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئۆبامایە، ئۆباما گەڕایەوە بۆ شاری خۆی، لەوێ پراکتیزەی یاسای مافی مەدەنی دەکرد و لە زانکۆی شیکاگۆ وانەی یاسای دەستووری دەگوتەوە. لە ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ میشێل ڕۆبنسن زەماوەندیان کرد، کە ئەویش دەرچووی کۆلێژی یاسای هارڤەرد بوو و بۆ یارمەتیدانی پاڵێوراوە دیموکراتییەکانی وەکو بیل کلێنتۆن.لە تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران لە شیکاگۆ کاری دەکرد

بە پابەندبوونێکی بەهێز و بەردەوام بە خزمەتی گشتییەوە، ئۆباما بڕیاری دا بۆ یەکەمجار وەکو کاندید بێتە مەیدانەوە لە ساڵی ١٩٩٦ لە ئەنجومەنی وەزیرانی ویلایەتی

ئۆباما لەم کارەیدا هەندێ سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا لە پرسەکانی، دەنگێکی بە نیشتەجێیانی بەشی باشوور بەخشی

ئیلینۆی کورسییەکی بەدەست هێنا. لە زۆر ڕووەوە کێبڕکێیەیەکە وەکو پێشکەوتنێکی لۆژیکی کارەکانی پێشووی ئۆباما بوو دواتر وەکو ڕێکخەرێکی کۆمەڵگە و زۆر لەو هەمان ڕوانگە فراوانەی — سیاسەتوان وەکو ڕەخسێنەری هەوڵی سەرەتایی بە ئاراستەی هاوڵاتییان و دروستکەری هاوپەیمانی بنکە فراوان — خستە سەر دیدی خۆی بۆ سیاسەت.

ئەو کاتە گوتی: ئەو ئەمریکیە بە ڕەچەڵەك ئەفریقییانەی کە تەنها باسی ڕەگەزپەرستی دەکەن، وەکو بەربەستێك لەبەردەم سەرکەوتنمان زۆر خراپ فریودەخۆن ئەگەر لە هێزە ئابوورییە گەورەترەکان کە نائاسایشیی بۆ هەموو ئیشکەرەکان دروست دەکەن تێنەگەن، بە سپیپێست و لاتینی و ئاسیاییشەوە لە ماوەی هەشت ساڵی دواتردا دەستکەوتەکانی ئۆباماله بواری یاسادانانەوە لە ئەجومەنی پیرانی ویلایەتی ئێلینۆی بریتی بوون لە چاکسازی دارایی لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان و کەمکردنەوەی باج بۆ ئیشکەرە هەژارەکان و چاکترکردنی سیستەمی دادوەریی تاوان لە ویلایەتەکەدا.

## قۆناغی نیشتیمانی



Barack Obama campaigning in Atlanta, Georgia, in 2007.

لە ساڵی ٢٠٠٠ ئۆباما بۆ یەکەم جار وەکو پاڵێوراو بۆ کۆنگرێسی ئەمەریکی هاتە مەیدانەوە، بەڵام لە تەحدی کردنی بۆبی ڕەش لە شیکاگۆ، کە خاوەن پۆستێکی دیموکڕات بوو، بۆ گرتنی کورسییەکەی ئەو لە ئەنجومەنی نوێنەران سەرنەکەوت و رووخا بە هۆی دۆڕانە لاسەنگەکەی لە بەرامبەر ڕەش و لە گەڕان بەدوای کاریگەری زیاتر لە دەرەوەی دەستەی یاسادانانی ویلایەتی ئیلینۆی، ئۆباما میشێلی لەسەر بیرۆکەی پاڵاوتنی خۆی بۆ دواجار بۆ ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا و"ستراتیژیەکی یان سەرکەوتن یان دەرچوون" بۆ پێشخستنی پیشە سیاسیەکەی هان دا و قایل کرد.

لە ٢٠٠٤کێبەڕکێی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکی لە ئیڵینۆی، ساڵی پێشتر وەکو کێبەڕکێیەکی هاتن-بۆ-هەمووانەی لێهاتبوو، کاتێك خاوەن پۆستی کۆماری، پیتەر فیتزگیراڵد، ڕایگەیاند، کە ئەو بەدوای دووبارە هەڵبژاردنەوە نییە. حەفت دیموکرات و هەشت کۆماری کێبەڕکێیان دەکرد بۆ ئەنجومەنی پیران لە هەڵبژاردنی بەرایی پارتەکانیان بۆ پاڵاوتن. ئۆباما بە ئاسانی پاڵاوتنی دیموکراتەکانی بە دەست هێنا، بە بردنەوەی بەشێکی زیاتر لە دەنگەکان- ٥٣ لە سەد- کە زیاتر بوو لە هی هەر شەش ڕکابەرەکانی بەیەکەوە.

کۆمارییەکان ئەو کات ئەنجومەنی پیرانیان بە جیاوازییەکی بەقەد موویەك تەنك بەدەستەوە بوو-- بە زۆرینەی ٥١ کورسی لە کۆی ١٠٠ کورسی، دیموکراتەکان پێشبڕکێی ئەنجومەنی پیرانیان بە یەکلایی کەرەوە دەزانی بۆ هەلی دووبارە وەرگرتنەوەی لە تشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا (کە لە ڕاستیدا، تەنها لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دووبارە کۆنترۆڵیان بە دەست هێنایەوە). ئۆباما ئارەزووی بەجۆشتر کردنی هەڵمەتەکەی لەرێی ڕۆڵێکی دیارەوە و ئەو

شارەزاییەی کە لە وتاربێژیدا هەیبوو لەگەڵ ئەو کارتێکردنەی بەسەر کاندیدی سەرۆکایەتیی جۆن کێرییەوە بە جێی هێشتبوو بڕیارەکەی یەکلایی کردەوە. بەوەی ئۆباما وەکو قسەکەری کۆنگرەکە هەڵبژێردرێ.

وتارەکەی ئۆباما، بە زمانە پاراو و بریقەدارەکەی، بۆ پێویستیی تێپەڕ بوون لە ناکۆکی حبی و، بانگەوازی بۆ "سیاسەتێکی هیوا" لە جیاتی سیاسەتێکی دوودڵی، نەك هەر ئامادەبووانی کۆڕەکەی وروژاند، بەڵکو ڕاستەوخۆ ئۆبامای خستە بەر سەرنجی میدیاکانی نەتەوەیی وەکو ئەستێرەیەکی پارتی دیموکراتیی. هەر ئەو وەرزە بەردەوام بوو لە پێشبڕکێیەکانی ئەنجومەنی پیران بە بە دەست هێنانی ٧٠ لە سەدی دەنگی خەڵکبردیەوە بەدەستی هێنا. لە ئیلینۆی هەرچەندە ئەو ساڵە، ئەو فەوزایەی کە نزیکەی هەموو کۆمارییەکانی گرتەوە بێگومان بەشێك بوو لەو بردنەوە گەورەیەی، بەڵام سەرکەوتنی ئۆباما خۆی لە خۆیدا کارتێکەر بوو کە لە کۆی ١٠٢ کەرت لە وڵاتدا لە ٩٣یاندا سەرکەوتنی بە دەستهێنا و دەنگی سپیپێستەکانی بە ڕێژەی دوو بۆ یەك زیاتر بە دەست هێنا.

ناودەنگی ئۆباما وەکو نەوەیەکی نوێ لە سیاسەتوان، سیاسەتوانێك کە دەتوانی زاڵ بێت بەسەر ناکۆکییە تەقلیدە ڕەگەزییەکان، بە شێوەیەکی بەردەوام لە زیادبووندابوو. ویلیام فینینگی نووسەر لە گۆڤاری نیو یۆرکەر لە پرۆفایلێکی ئۆبامادا، بە تێبینیکردنی بەهرەی ئۆباما لە "خزینە ناو شێوەی قسەکردنی بەرامبەرەکەی لە کاتی دیالۆگدا بە شێوەیەکی زیرەکانە" دەڵێت ئۆباما "مەودایەکی فراوان لە لەهجەکانی ئەمەریکا قسە دەکات". ئۆباما ڕوونکردنەوەی خۆی خستە ڕوو، کە لەبەرچی ئەو توانی پەیوەندی لەگەڵ دەنگدەرە سپیپێستەکان بکات. ئەو گوتی"من ئەم خەڵکانە دەناسم، ئەوانە داپیرە و باپیرەی منن...شێوازی ڕەفتاریان و شعوور و هەستی ڕاست و چەوتیان دەزانم-- ئەوانە هەمووی لای من ئاشنان"

لە ئەنجومونی پیراندا، ئۆباما پێوانەیەکی دەنگدانی کۆکردەوە، کە هاوتەریب بوو لەگەڵ باڵی لیبڕاڵی پارتی دیموکرات. ڕەخنەگرتن لە شەڕ لە عیراق یەکێك لە ئادگارەکانی بووە، لە وتارێك لە ٢٠٠٢، تەنانەت پێش دەستپێکردنی جەنگ، کاتێك، کە هۆشداری دا کە کردەیەکی سەربازی لەو جۆرە لەسەر بنەمای" سیاسەت دەبێ نەك پرینسیپ." هەروەها کاری بۆ ئەوەش کرد کە ستانداردە ئاکارییەکان بە هێزتر بکات لە کۆنگرێس و چاودێریکردنی سەربازەکان چاکتر بکات و بەکارهێنانی سووتەمەنیی نوێکراوە زیاد بکات.

## پاڵێوران بۆ سەرۆکایەتی

هەڵمەتە درێژەکەی هەڵبژاردنی بەرایی پارتیی دیموکراتی لە ساڵی ٢٠٠٨ زۆرڕوووەوە، بە بەڕێوەچونی هەڵبژاردن لە هەر ٥٠ ویلایەت هەڵبژاردنێکی مێژوویی بوو. لە پێشتر کاندیدی ژن و کاندیدی بەڕەچەڵەك ئەفریقی پاڵێورابوون بۆ سەرۆکایەتیی، بەڵام ئەمجارەیان دوو پاڵێوراوی پێشەنگ ژنێك و بە ڕەچەڵەك ئەفریقییەك بوون. لە ٢٠٠٧ کە ئۆباما و حەفت لە ڕکابەران بۆ پاڵاوتنی سەرۆکایەتی لە پارتی دیموکراتی دەستیان بە خۆ ڕێکخستن کرد، ڕاپرسییەکان بەردەوام ئۆبامایان دەخستە خانەی دووەم دوای سیناتۆری نیویۆرك هیلاری کلینتۆن کە بە باشترین دادەنرا. بەڵام ئۆباما لەم قۆناغە زووەی پێشبڕکێیەکە لە ئامادە کردنی کۆمەڵێك کادری پشتیوانی بەجۆش وخرۆش زۆر سەرکەوتوو بوو ، بە تایبەتی لە نێو گەنجاندا، کە ڕێکخراوێکی هەڵمەتی بنچینەیی سەرتاسەری نەتەوەیی دامەزراند لەگەڵ کۆ کردنەوەی پشتگیریی دارایی لەڕێی ئینتەرنێت.

هیلاری کلینتۆن ناو و دەنگێکی زیاتری هەبوو، بە بوونی گرووپێك لە پیاوانی بەهێز لە هەڵمەتەکەیدا و پاڵپشتیی لە دیموکراتە پێشەنگەکانەوە لە سەر ئاستی ویلایەتەکان. کامپی ئۆباما بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو ئەفزەڵیەتانە ستراتیژیەتێکی نوێیان داهێنا: بە ئامانج گرتن لەو ویلایەتانەی کە کۆنگرەی حزب بە کار

دێنن لە جیاتی هەڵبژاردنە بەرایییەکانی بۆ هەڵبژاردنی شاندەکان و تەرکیزخستنە سەر ئەو ویلایەتە بچووکترانەی لە هەڵبژاردنە گشتییەکان کە بە شێوەیەکی تەقلیدیی دەنگ بۆ کۆمارییەکان دەدەن. ئەم شێوەیە بە قازانجی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی پارتی دیموکراتیی بوو– کە شاندی کۆنگرەکان خەڵات دەکات لە هەر ویلایەتێك بە پێی ڕێژەی ئەو دەنگانەی کە بە کاندیدەکەی دەدەن، بە پێچەوانەی سیستەمی خەڵاتکردنی کۆمارییەکان کە زۆرینە یان هەموو شاندەکانی کۆڕەکە خەڵات دەکات لە هەر ویلایەتێك کە سەرکەوتن بە دەست بێنن. ستراتیژیەکە ئەنجامی باشی هێنا بۆ یەکەم جار لە کۆنگرەی حیزبیی ویلایەتی ئایوا لە ٣ی کانونی دووەمی ٢٠٠٨ کاتێك ئۆباما سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراوی بەسەر هیلاری کلینتۆندا تۆمار کرد. بردنەوەکەی ئایوا یاریەکەی گۆڕی، هەروەکو ڕۆژنامەی واشینتۆن پۆست دەڵێ، " بەزاندنی کلینتۆن ...ئاراستەی پێشبڕکێکەی گۆڕی، بە سەپاندنی ئۆباما وەکو ڕکابەری گەورە، تەنها کاندیدێك کە پەیامەکەی هەبێت لەگەڵ هێزی ڕێکخراوەیی و سەرچاوەی دارایی کە تەحدی باری پێشەنگیی هیلاری کلینتۆن بکات"

ستراتیژیەکە ئەنجامی باشی زیاتری دایەوە لە "سێشەممەدا" – کە هەڵبژاردنەکان هاوکات لە ٢٢ ویلاتدا بەڕێوە چوو لە ٥ی شوبات – کاتێك ئۆباما تەحدی کلینتۆنی کرد بۆ کێبڕکێیەك و لە ویلایەتە دەشتییەکانی باشوور و ڕۆژئاوا سەرکەوتنی بە دەست هێنا. تەنانەت زیاتریش ئەنجامی باشی بە دەست هێنا کاتێك لە مانگی شوبات ئۆباما ١٠ کێبەڕکێی یەك لە دوای یەکی بردەوە ئاوا بە پێش کلینتۆن کەوتەوە کە هەرگیز جارێکی تر نەیتوانی بە ئۆباما بگاتەوە.

لە کۆتاییدا لە ٣ی حوزەیراندا، ڕێك پێنج مانگ دوای دەستپێکردنی کێبەرکێکە، پێشبڕکێ ماندووکەرەکە کۆتایی پێهات. بە یەکگەیشتنی سەرکەوتن لە ویلایەتی مۆنتانا و زیاد کردنی پاڵپشتیی لە شاندە گرنگەکانی پێشوو کە پابەند نەبوون پێی، زۆرینەی شاندەکانی کە پێویست بوون بۆ سەرکەوتن دا بە ئۆباما تا لە پالاوتنی سەرۆکایەتیی بباتەوە.

ئۆباما لە ئاپۆڕەیەکی سەرکەوتندا لە سەینت پۆڵ لە ویلایەتی مینسۆتا بە پشتیوانەکانی خۆی گوت"لەبەر ئەوی ئێوە بڕیارتان دا کە گوێ بۆ دوودڵییەکانتان یاخود ترستان نەگرن، بەڵکو گوێ بۆ گەورەترین هیوا و بەرزترین ئاواتتان بگرن، ئەمشەو ئێمە کۆتایی گەشتێکی مێژوویی بە سەرەتایەکێی تر دیاری دەکەین."

## سەرۆکایەتیی ئۆباما

ئەگەر هەڵبژێردرێ، ئۆباما دەبێتە یەکێك لە گەنجترین سەرۆکەکان. کە لە دوادوایی نەوەی تەوژمی زیادبوونی منداڵ لە ساڵانی ١٩٤٦–١٩٦٤ لەدایکبووە (ماوەیەك لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٦–١٩٦٤ کە ڕێژەی منداڵ لە ئەمەریکاو بریتانیا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد)، هەروەها یەکەم سەرۆکیش دەبێت کە لە ١٩٨٠کان کەوتبێتە تەمەنی پێگەیشتنەوە، کە ڕەنگە هەر ئەمە خۆی لە خۆیدا مانای گۆڕان بگەیەنێ.

ئەو کەش و هەوایەی کە ئەو تێیدا گەورە بوو، بەشێوەیەکی بەرچاو جیاواز بوو لە ماوەی ١٩٦٠ەکان کە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە نا ئارام بوو کە ڕوانگەی لەدایکبووانی سەردەمی تەوژمی منداڵی ١٩٤٦–١٩٦٤ ی دیاری کردبوو. هەروەکو جارێك ئۆباما لەبارەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ٢٠٠٠–٢٠٠٤، کە لە لایەن کاندیدی سەردەمی زۆر زووتر لەو نەوەیەی پاش جەنگ کێبڕکێی لەگەڵ دەکرا ، گوتی"هەندێ جار وام هەست دەکرد وەك ئەوی سەیری فیلمی سایکۆدرامای نەوەی تەوژمی منداڵ زۆربوون دەکەم, کە لەسەر شانۆی نەتەوەیی نمایش دەکرا –– چیرۆکێك کە ڕەگی لە کۆنە برین و پلانی تۆڵەوە گرتووە کە زۆر لەمێژ داڕیژراوە"

دروشمەکانی ئۆباما "ئێمە دەتوانین متمانە بە گۆڕان بکەین" لەگەڵ " ئێمە پێویستیمان بە گۆڕانە" ڕەنگدانەوەی تەئکید کردنەوەی هەڵمەتەکەیەتی لەسەر بردنی ئەمەریکا بە ئاراستەیەکی نوێدا. ئۆباما داکۆکیی لە خشتەیەکی کاتیی جێگیر کردووە بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عیراق، بەڵام هەندێکیان



© AP Images/Rick Bowmer

دێڵێتەوە بۆ مەشق و ڕاهێنان و ئەرکی دژەتیرۆر. لە هەڵوێستەکانی تری سیاسەتی دەرەوەی بریتین لە زیادکردنی یارمەتی سەربازیی و گەشەپێدان بۆ ئەفغانستان و داخستنی بەندەری گوانتەنامۆ بۆ دەستبەسەرانی تیرۆر و بەهێزکردنی هەوڵەکانی نەهێشتنی بڵاو بوونەوەی چەکی ناوکی. لە ناوەوەی وڵاتدا، ئۆباما دەیەوێ بڕی ١٥٠ ملیار دۆلار لە ماوەی ١٠ساڵدا بۆ پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای وزەی خاوێن دابین بکات و پارەی زیاتر بخاتە بواری پەروەردە و ژێرخانی ئابووری بۆ ئەوەی ئابووری ئەمریکا تا زیاتر لەسەر ئاستێکی جیهانی توانای کێبڕکێی هەبێت و زەبتێکی دارایی بۆ خەرجییەکانی حکومەت بگێڕێتەوە.

لاریسا ماکفارکوار لە ڕۆژنامەی نیو یۆرکەر بیردۆزێك لەسەر ئەو هێزی کێشکردنە بەرچاوەی ئۆباما هەیبوو لە نێو ڕیزی هێڵە سیاسیە تەقلیدییەکان دەخاتە ڕوو. تێبینی ئەوەی کرد کە، " تۆماری دەنگدانی ئۆباما یەکێك لە لیبڕاڵترین تۆمارەکانە لە ئەنجومەنی پیران، بەڵام ئەو هەردەم سەرنجی کۆمارییەکانی ڕاکێشاوە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ، کە ئەو باسی ئامانجی لیبڕالی دەکات بە زمانێکی موحافزکارانە."

لاریسا نووسیویەتی"ئۆباما لە تێڕوانینی بۆ مێژوو و لە ڕێزگرتنی لە دابونەریت و لە گومانکردنی لەوەی کە دونیا دەکرێ بگۆڕدرێ، بەڵام زۆر زۆر هێواش، ئەو بەڕاستی موحافزکارە"

بباتەوە یان بدۆڕێنێ، ئۆباما لە سیاسەتی ئەمەریکی کەسێکی نوێخوازە. کاندیدکردنی ئەو ڕێك لە کاتێك بوو کە زۆر لە ئەمەریکیەکان باوەڕیان وابوو کە وڵاتەکەیان لە ئاراستەکەی پێویستی بە گۆڕانێکی بنەڕەتیی هەیە.ڕەنگە نووسەری سیاسی لە ڕۆژنامەی واشینتۆن پۆست، (ئی جەی دایۆن) بە تەواوی یەکگرتنەوە خۆشبەختانەکەی نێوان کاندید کردنی ئۆباما و ڕوحی ئەو سەردەمەی ئەمەریکای پوخت کردبێ کاتێك نووسی:

# دیدی باراك ئۆباما بۆ ئاینده

گۆران، نەك ئەزموون، سیستەمی ئەورۆی بوو. کارتێکردن،نەك وردەکاری زۆر لە قسە کردن، ئەو فەزیلەتە بوو لە لە وتاری هەڵمەتی پاڵاوتنەکەی هەمووی بە نرختر بوو. دابڕانێکی خاوێن لەگەڵ ڕابردوو، نەك گەڕانەوە بۆ ڕۆژانێکی باشتر، ئەو بەڵێنە بوو کە لە هەمووی بەرزتر دەنرخێنرا.

چەند وەرگیراوێك لە *"ساتی ئەمەریکیی" لێدوان بۆ ئەنجومەنی شیکاگۆ لەسەر کاروباری جیهانیی، ٢٣ی نیسانی ٢٠٠٣.*

من بڕوام وایە تاکە گرنگترین کاری هەر سەرۆکێکی ئەمەریکی پارێزگاریکردنە لە گەلەکەی. و بە هەمان شێوەش لەو قەناعەتەدام ئەنجامدانی ئەم کارە بە شێوەیەکی کاریگەرانە لە سەدەی ٢١ دا پێویستی بە دیدێکی نوێی سەرکردایەتیی ئەمەریکی هەیە لەگەڵ تێگەیشتنێکی نوێ لە ئاسایشیی نەتەوەییمان -- دیدێك کە لە وانەکانی ڕابردووەوە هەڵهێنجرابێت، بەلام بە بیرکردنەوەی کۆنەوە نەبەسترابێتەوە.

لە دونیای ئەمڕۆی جیهانگەراییدا، گەلی ئەمەریکی بەستراوەتەوە بە ئاسایشی هەموو گەلانەوە و جیانابێتەوە. کاتێ قاچاغی ماددەی بێهۆشکەر و گەندەڵیی لە ئەمەریکای لاتینی هەڕەشە لە دیموکراسی دەکات، ئەوە کێشەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشە. کاتێك گوندنشینە هەژارە ئەندەنوسییەکان هیچ چارێکیان نییە, جگە لەوەی مریشکی تووشبوو بە پەتای باڵندە بنێرنە بازاڕەوە، ئەوەش ناکرێ وەکو گرفتێکی دوور سەیر بکرێ. کاتێك قوتابخانە ئایینیەکان منداڵان فێری ڕق وکینە دەکەن، منداڵەکانی ئێمەش دوچاری هەڕەشە دێن.

کێشەکە تیرۆری جیهانیی بێت یان پەتای درم، گۆڕانێکی گەورە لە کەش و هەوا بێت یان بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ، ئەو هەڕەشانەی لە بەرەبەیانی سەدەی بیست و یەکدا ڕووبەڕووی دەبینەوە چیتر هیچ سنوور و تخوبێکیان نابێت.

ڕەنگە زۆر خەڵك پێیان کارێکی دڵڕفێن بێت کە ڕوو لە ناوخۆ بین و واز لە سەرکردایەتیی لە کاروباری جیهانی بێنین. بەڵام من پێدادەگرم لەسە ئەوەی کە وازهێنانێکی لەو جۆرە لە سەرکردایەتیمان هەڵەیەکە، کە نابێ بیکەین. ئەمەریکا ناتوانێ بە تەنها ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی ئەم سەدەیە ببێتەوە، بەلام دونیاش ناتوانێ بە بێ ئەمەریکا ڕووبەڕوویان بێتەوە. ئێمە نابێ جیهان پاشەکشە بکەین، بەلام ناشبێ ناچار بە ملکەچیی بکەین.

ئیمە دەبێت بە کردار و نمونەی چاك سەرکردایەتیی جیهان بکەین.

ئێمە دەبێ بە دروست کردنی هێزێکی سەربازیی سەدەی بیست و یەك سەرکردایەتیی بکەین کە ئاسایشی گەلی خۆمان مسۆگەربکەین و ئاسایشی هەموو گەلان پێش بخەین. ئێمە دەبێ بە کۆکردنەوەی هەوڵێکی جیهانیی بۆ وەستاندنی بڵاوبوونەوەی ترسناکترین چەکەکان سەرکردایەتیی بکەین. ئێمە دەبێ بە دروستکردن و بەهێزکردنی هاوپەیمانێتیی، کە پێویستە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی تەحدییە هاوبەشەکانمان و بەزاندنی هەڕەشە هاوبەشەکانمان سەرکردایەتیی بکەین.

ئەمەریکا دەبێ بە هاناوە چوونی خەڵکە دابڕاوە نائومێدەکانی هەموو سوچێکی لەبیر کراوی ئەم جیهانە سەرکردایەتیی بکات – لەبەرئەوەی، لە کاتێکدا، هەمیشە ئەو کەسانە هەن کە ڕق هەڵدەبژێرن و بۆمب بە لەشیانەوە دەبەستنەوە، ملیۆنانی تر هەن کە دەیانەوێ ڕێچکەیەکی تر بگرنەبەر، کە تروسکایی هیوای ئێمەیان دەوێت تا ڕێگەیان بۆ ڕووناك بکاتەوە.

ئەمەریکا ئەو وڵاتەیە کە یارمەتیی دا لە ڕزگارکردنی قاڕەیەك لە شاڵاوی پیاوێکی سەرشێت. ئێمە ئەو وڵاتەین کە بە خەڵکە ئازاکەی شارێکمان گوت کە ئێمەش بەرلینیین. ئێمە چەندین نەوەی کەسانی گەنجمان نارد تا وەکو باڵوێز بۆ ئاشتیی کار بکەن لە وڵاتان لە سەرانسەری جیهان. ئێمە ئەو وڵاتەین کە فریاگوزاریمان گەیاندە قوربانیانی تسونامی لە سەرانسەری ئاسیا.

ئێستا کاتی ئێمەیە تا سەرکردایەتیی بکەین — کاتی نەوەی ئێمەیە کە چیرۆکێکی تری گەورەی ئەمریکی بگێڕێتەوە. تا ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ منداڵەکانمان بگێڕینەوە، ئەمە ئەو کاتە بوو کە ئێمە یارمەتیی بەرقەرار بوونی ئاشتیمان لە ڕژهەڵاتیی ناوەڕاستدا. ئەمە ئەو کاتە بوو کە ئێمە ڕووبەڕووی گۆڕانی کەش و هەوا بووینەوە و ئەو چەکانەمان تەئمین کرد، کە دەیانتوانی ڕەچەڵەکی مرۆڤ لە ناو ببەن. ئەمە ئەو کاتە بوو کە ئێمە دەرفەتمان بەخشی بەو سوچە لەبیرکراوانەی جیهان. ئەمە ئەو کاتە بوو کە جیهانی ئێمە ئەو ئەمریکایەمان نوێ کردەوە، کە چەندین نەوە لە ڕێبواری ماندووی سەرتا سەری دونیای حەواندەوە تا لە دەرگەی ماڵی ئەو دەرفەت و ڕزگاریی و هیوا بدۆزنەوە.

من لە بزاڤی بەرهەڵستیی ڕژێمی ئەپەرتاید لە ئەفریقیای باشوور دەستم بە چالاکی کرد. وام لێهات لەم وڵاتە لەبارەی هەژاریی و چاودێری تەندروستی موتابەعەی هەموو مشت ومڕەکانم دەکرد. لەو کاتەی لە کۆلیژ دەرچووم، بیرۆکەیەك هەموو مێشکمی داگیر کردبوو — کە دەبێ لە ئاستێکی بنچینەییدا کار بکەم تا گۆڕان بێنمە کایەوە.

نامەم بۆ هەموو ڕێکخراوێك کە بە مێشکدا هات لە وڵاتدا نووسی. ڕۆژێك، گروپێکی بچووك لە کلێسا لە بەشی باشووری شیکاگۆ، کارێکی پێشکەش کردم، کە بچم وەکو ڕێکخەری کۆمەڵگە کار بکەم لەو گەڕەکانەی کە زەرەری زۆری لێکەوتبوو بە هۆی داخستنی کارگەی بەرهەمهێنانی شیشەوە. برادەرەکانم فۆرمیان پڕ دەکردەوە بۆ کار لە وۆڵ ستریت. لەو کاتەدا، ئەم ڕێکخراوە بۆ مووچەی ساڵانە ١٢٠٠ دۆلاری عەرز کردم لەگەڵ ٢٠٠٠ دۆلار بۆ کۆنەسەیارەیەکی ڕزیو.منیش گوتم باشە ڕازیم.

ئێستا من لە شیکاگۆ هیچ کەسێکم نەدەناسی، دڵنیاش نەبووم ئەو کاری ڕێکخستنی کۆمەڵگەیە چی بوو. هەمیشە بە چیرۆك و بەسەرهاتەکانی بزاڤی مافی مرۆڤ و بانگەوازی سەرۆك جۆن کێنیدی بۆ خزمەت کردن دەهاتمە جۆش، بەڵام کاتێك چووم بۆ بەشی باشوور، لەوێ هیچ مارش و وتاری بزوێنەری لێنەبوو. لە سێبەری کارگەیەکی شیشی بەتاڵ، تەنها خەڵکانێکی زۆری لێبوو کە خەریکی کۆشش کردن بوون. ئێمەش یەکەم جار زۆر پێشنەکەوتین.

ئێستاش یەکێك لە یەکەمین کۆبوونەوەکانم لەبیرە، کۆبووینەوە لەگەڵ گروپێك لە سەرکردەکانی کۆمەڵگە تاوتوێی توندوتیژی عەسابەکانمان کرد. ئێمە هەر چاوەڕانی خەڵك بووین تا دیار کەون، لە کۆتاییدا گروپێك لە خەڵکی بەتەمەنتر هاتنە ناو هۆڵەکە و دانیشتن. خانمێکی بەتەمەنی بچووك دەستی بەرزکردەوە و پرسی، "ئایا ئێرە ئەو شوێنەیە کە یاری دۆمبەڵەی لێیە؟"

کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا، بەرەو پێش چووین ڕەومان کرد. ڕۆژ بە ڕۆژ و کەرپوچ بە کەرپوچ ئەو کۆمەڵگەیەمان بونیات نا و دەنگدەری نوێمان ناونوس کرد و پرۆگرامی دوای قوتابخانەمان دانا و بۆ کاری نوێ هەوڵمان دەدا و یارمەتی خەڵکمان دەدا تا ژیانێکی بە کەرامەتەوە بژین.

بەڵام ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە من تەنها یارمەتیی خەڵکانی ترم نەدەدا، لە ڕێگەی خزمەتکردنەوە، من کۆمەڵگەیەکم دۆزیەوە، کە منی لە ئامێز دەگرت: هاوڵاتیی بوون مانای هەبوو، ئەو ئاراستەیەی هەوڵم بۆی دەدا. لە ڕێگەی خزمەت کردنەوە، بۆم دەرکەوت کە، چۆن چیرۆکە ڕێ تێنەچووەکەی خۆم جێی خۆی لەناو چیرۆکە گەورەترەکەی ئەمریکادا کردەوە.

# ئۆبـــامـا لـە زاری خۆیـــەوە



Barack Obama addresses a rally campaign in Idaho in February 2008.

من لە بزاڤی بەرهەڵستیی ڕژێمی ئەپەرتاید لە ئەفریقیای باشوور دەستم بە چالاکی کرد. وام لێهات لەم وڵاتە لەبارەی هەژاریی و چاودێری تەندروستی موتابەعەی هەموو مشت ومڕەکانم دەکرد. لەو کاتەی لە کۆلیژ دەرچووم، بیرۆکەیەك هەموو مێشکمی داگیر کردبوو – کە دەبێ لە ئاستێکی بنچینەییدا کار بکەم تا گۆڕان بێنمە کایەوە.

نامەم بۆ هەموو ڕێکخراوێك کە بە مێشکدا هات لە وڵاتدا نووسی. ڕۆژێك، گروپێکی بچووك لە کلێسا لە بەشی باشووری شیکاگۆ، کارێکی پێشکەش کردم، کە بچم وەکو ڕێکخەری کۆمەڵگە کار بکەم لەو گەڕەکانەی کە زەرەری زۆری لێکەوتبوو بە هۆی داخستنی کارگەی بەرهەمهێنانی شیشەوە. برادەرەکانم فۆرمیان پڕ دەکردەوە بۆ کار لە وۆڵ ستریت. لەو کاتەدا، ئەم ڕێکخراوە بۆ مووچەی ساڵانە ١٢٠٠ دۆلاری عەرز کردم لەگەڵ ٢٠٠٠ دۆلار بۆ کۆنەسەیارەیەکی ڕزیو.منیش گوتم باشە ڕازیم.

ئێستا من لە شیکاگۆ هیچ کەسێکم نەدەناسی، دڵنیاش نەبووم ئەو کاری ڕێکخستنی کۆمەڵگەیە چی بوو. هەمیشە بە چیرۆك و بەسەرهاتەکانی بزاڤی مافی مرۆڤ و بانگەوازی سەرۆك جۆن کێنیدی بۆ خزمەت کردن دەهاتمە جۆش، بەڵام کاتێك چووم بۆ بەشی باشوور، لەوێ هیچ مارش و وتاری بزوێنەری لێنەبوو. لە سێبەری کارگەیەکی شیشی بەتاڵ، تەنها خەڵکانێکی زۆری لێبوو کە خەریکی کۆشش کردن بوون. ئێمەش یەکەم جار زۆر پێشنەکەوتین.

ئێستاش یەکێك لە یەکەمین کۆبوونەوەکانم لەبیرە، کۆبووینەوە لەگەڵ گروپێك لە سەرکردەکانی کۆمەڵگە تاوتوێی توندوتیژی عەسابەکانمان کرد. ئێمە هەر چاوەڕانی خەڵك بووین تا دیار کەون، لە کۆتاییدا گروپێك لە خەڵکی بەتەمەنتر هاتنە ناو هۆڵەکە و دانیشتن. خانمێکی بەتەمەنی بچووك دەستی بەرزکردەوە و پرسی، "ئایا ئێرە ئەو شوێنەیە کە یاری دۆمبەڵەی لێیە؟"

کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا، بەرەو پێش چووین ڕەومان کرد. ڕۆژ بە ڕۆژ و کەرپوچ بە کەرپوچ ئەو کۆمەڵگەیەمان بونیات نا و دەنگدەری نوێمان ناونوس کرد و پرۆگرامی دوای قوتابخانەمان دانا و بۆ کاری نوێ هەوڵمان دەدا و یارمەتی خەڵکمان دەدا تا ژیانێکی بە کەرامەتەوە بژین.

بەڵام ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە من تەنها یارمەتیی خەڵکانی ترم نەدەدا، لە ڕێگەی خزمەتکردنەوە، من کۆمەڵگەیەکم دۆزیەوە، کە منی لە ئامێز دەگرت: هاوڵاتیی بوون مانای هەبوو، ئەو ئاراستەیەی هەوڵم بۆی دەدا. لە ڕێگەی خزمەت کردنەوە، بۆم دەرکەوت کە، چۆن چیرۆکە ڕێ تێنەچووەکەی خۆم جێی خۆی لەناو چیرۆکە گەورەترەکەی ئەمریکادا کردەوە.

# سارا پاڵین، پاڵێوراوی پارتی کۆماری بۆ جێگری سەرۆك

***دەیڤید پیتس***




Alaska Governor Sarah Palin campaigns with John McCain in Ohio.

حاکمی ویلایەتی ئالاسکا بەشداری لە ناوبانگی جۆن ماکاێین دەکات بۆ بوون بە ریفۆرمخواز و هەندێجاریش دژی مینبەری پارتەکەی دەوەستێتەوە.

دەیڤید پیتس، رۆژنامە نووسێکی ئازادە، بابەتەکانی لەسەر سیاسەت لە رۆژنامەکانی وەك واشنتۆن پۆست، واشنتۆن تایمز، فیلادلفیا ئینکوایەرەر، زەبەلتیمۆرسەن و چەندین رۆژنامەی گەرەی تری ئەمریکا بە دیار کەوتووە.

لە وتارەکەیدا بۆ سیمیناری نیشتمانی کۆمارییەکان، سارا پالین، پالێوراو بۆ جێگری سەرۆك کۆمار گوتی:"من لە سودە تایبەتییەکانەوە بە هۆی لۆبیخوازەکان، کۆمپانیا نەوتییە گەورەکانەوە هەڵسامە سەرپێ". سارا پاڵین کە دایکی پێنج منالە زۆر سەربەزە بەو ریفۆرمەی کە رکابەری بۆ دەکات، بە تایبەتی وەك حاکمی ئالاسکا.

ریشەی پاڵین هی رۆژئاوای ئەمریکایە. لە ساڵی 1946 لە دایك بووە لە ئیداهۆ، بەلاّم خێزانەکەی رۆشتون بۆ ئالاسکا، کە لە ساڵی ١٩٥٩ بۆتە ویلایەت، لەو کاتە منداڵێکی بچوك بووە. دایك و باوکی کە ئێستا خانەنشینن، بۆ سیستەمی قوتابخانە کاریان کردووە. لە زانکۆی ئیداهۆ شەهادەی لە رۆژنامەوانی و سیاسەت وەرگرتووە. مێردەکەی، کە بیست ساڵە بە یەکەوەن، لە کۆمپانیای نەوت و بازرگانی ماسی کار دەکات. بەر لەوەی بچێتە ناو سیاسەت، سارا بێژەری خوێندنەوەی هەواڵە وەرزشییەکان بووە. سارا جارێك بوو



© AP Images/John L. Russell

In 2007, Sarah Palin with Michigan Governor Jennifer Granholm measures siding for a Habitat for Humanity house in Michigan.

به شاژنی جوانی و یاریزانی سەبەتە، لە کاتی بەتاڵیدا حەزی لە کاری ڕاوکردن و ماسی گرتنە. ئەو کارەی کە زۆربەی ئالاسکاییەکان خەریکن.

یەك لە هۆکارانەی جۆن ماکاێین ، سارای هەڵبرژاردووە ئەوەیە، کە سارا ئەزموونی جێبەجێ کردن و تەشریعی هەیە، بە پێی گوتەی ڕۆژنامەکان. پاڵین دوو وەرز لە قونسوڵییەی ناوەخۆ لە "واسیلا" کە لە "ئانکۆ راپ" دوور نییە، خزمەتی کردووە. پاڵین لە پایزی ٢٠٠٦ دا بەڕێوەبردنی ویلایەتی کەوتە دەست، پاش ئەوەی لە ڕکابەرەکەی فرانك مارکۆوسکی ردەوە. پاڵین حاکمی دوو وەرزی پێشووتری لە هەڵبژاردنێکی گشتی دا بەزاند، خۆی چووە سەر مینبەری ڕیفۆرم. لە ماوەی کاری سیاسیدا، پاڵین ڕیکۆردێکی کۆنسێرڤەتیڤانەی کۆکردەوە، بە تایبەتی لەسەر قەزییە کۆمەلأیەتییەکان. ئەندامێکی بەردەوامی کۆمەڵەی دەمانچەی نیشتیمان (NRA)یە، کە گروپێکی لۆبییە برەو بەوانە دەدات کە خاوەن دەمانچەن. هەورەها دژی منداڵ لەباربردنیشە. بۆ نموونە، یەکەم ڤیتۆی پاڵین وەك حاکمێك، یاسایەك بوو کە ڕەتی کاری "گەی" یەکانی کردبۆوە لە وەرگرتنی قازانجی هاوبەشییەتی بۆ ژیان.

لەلایەن خەڵکی ئالاسکاوە بە ناوبانگە و بە بەردەوامی ڕێژەیەکی ڕازیبوونی بەردەوامی بەدەست هێناوە، بگرە لە نێو پیاوە توند و زبرەکانی سەر سنوری وڵاتیشدا. سارا کەسێکی"ئیشکەری، سیاسیی بازرگانە کە سیما خۆشەویستیەکەی وای لێکردووە شێوەی پیکەب بازۆڕێکی ئالاسکایی وەرگرێت" ئەم گوتەیە بە پێی گۆڤاری ئالاسکایە.

## گرتنەبەری ڕێگای خۆی

دیارترینی ئەو کارانەی کە وەك حاکمێك کردبووی چەند یاسایەکە لە قۆناغێکی نەژادی و وەستانە دژی گەندەڵی، بگرە لەناو پارتەکەی خۆشیدا. دژی خەرج کردنی پارەیەکی زۆرە بۆ ئەو پرۆژانەی بەمەبەستی پروپاگەندەی پارتەکەی بەکاردێت. پاڵین لە

بیناکردنی کۆمپانییایەکی گەورەی نەوت، دەست خستنی باجێکی زیاد لەسەر قازانجی کۆمپانیا نەوتییەکان هەنگاوێکی نا ، باجێك کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی بۆ باجدەرەکانی ئالاسکا دەگەڕێتەوە.

پالین بە توندی ئارەزووی لە بەگەڕخستنی زەویی حکومەت دەکرد بۆ بەکار هێنانی بۆ بازرگانی وزە. وەك ماکاین ، ئەویش لە هەموو جێگاکان،حەزی لە دەرهێنانی نەوت دەکرد بەلاَم بە پێچەوانەی ماکاین یارمەتی دەرهێنانی نەوتی لە پەناهەندەی کێویی نیشتیمانی لە ناوچەی ئارکتیکت (ANWR) دەکرد. لە جۆنیۆی ۲۰۰۷، پالین یاسایەکی لەسەر "کاری هێلی گازی ئالاسکا" واژوو کرد کە بۆ ئاسانکاری لە هێلی بۆڕی گازی، دیزاین کراوە. کە لە کۆتاییدا گازی سروشتی "نۆرپ سلۆپ"ی برد بۆ بەکاربەران لە سەرانسەری باکوری ئەمریکا.

سەرەڕای ناوبانگی بۆ ڕکابەری لە حکومەت و داهاتی سەربەخۆ، پالین ئێستا لەلایەن دەستەیەکی تشریعی ویلایەتی ئالاسکا لە ژێر لێکۆلینەوەدایە. لەماوەی زووی ئەو ساڵەدا، ئەو سەرۆکی دەستەی گشتیی سەلامەتی خەلکی دەرکرد، کە لە دواتردا وای کرد کابرا کارەکەی لە دەست بدات، چونکە ئەو سەرۆکە دودڵ بوو لە دەرکردنی پۆلیسێك، کە کاری پاسەوانی دەکرد و دەستی لە تەلاَقدانی خوشکەکەی هەبوو. لە سەرەتای مانگی یانزە دا لێکۆلینەوەکە نەگەیشتبووە ئەنجام.

لە دەرکەوتنێکی هاوبەشدا لە دایتۆن لە ئۆهایۆ، کە ماکاین پالینی ناساند، دەستەی پالیوراوی کۆمارییەکان وێنەی ئەویان وەك سەربەخۆیەك دەرخست وەك ماکاین خۆی "کە لە ڕاڕەوەکان پەرپوەتەوە" و کاری لە گەڵ دیموکراتییەکان کردووە تا شتەکان بە ئەنجام بگەیەنرێت. ماکاین ، وا بە شان و باڵی پالینی هەلگووت بەوەی کە "سۆزێکی قولی هەیە" دژی "گەندەلی" کاردەکات. پالین خۆی وەك "دایکێکی یاری هۆکی سەر شەختە" وەسف کرد، کە ئامانجی بریتیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخەی کە هەیە و خزمەتی چاکەی گشتی بکات". لە دەرکەوتنەکانیدا، ئەو مەدحی ماکاین ی کرد بۆچوونەکانی لەسەر ئێران و عێراق و قەیرانەکانی ئێستای جۆرجیا. هەلبژاردنی ئافرەتێك بۆ جێگری سەرۆك لەلایەن ماکاین ەوە، لەلایەن زۆر دەزگای ڕۆژنامەوانییەوە وەك هەوڵێك بۆ سەرنجراکێشانی هەوادارانی تورەی هیلاری کلینتۆن دەبینرا کە بێ هیوا کرا لەوەی هیلاری کلینتۆن لە تێکستی دیموکراتییەکان خرایەدەرەوە. پالین بە تایبەتی باسی هەلمەتی کلینتۆنی کرد، گوتی بەدەنگێك بۆ ماکاین –پالین "ئێمە دەتوانین ئەو سەقفە ورد و خاش بکەین کە پێشتر دەرزی بردبوو"، کە هیلاری کلینتۆن دەرزی پێ بردبوو. "سەقفی شوشەیی" بەربەستێکی نادیارە کە ڕێ لە ئافرەتان و کەمینەکان دەگرێ بۆ هەنگاونان بۆ پلەی سەرکردایەتی کردن. هیلاری کلینتۆن هیوای خواست ئەم شوشەیە بشکێنێ، بە بەدەست هێنانی ڕکابەری دوا ئامانج، واتە سەرکردایەتی ئەمریکا.

یارمەتی دەرەکانی ماکاین گوتیان: پالین لە چیاکانی ڕۆژئاوا وا دەکات پلیتی کۆمارییەکان زۆر ڕکابەرییانە تر بێ. هەروەها گوتیان: تەمەنی پالین گرنگە بۆ ماکاین کە لە ۷۲یەمین ڕۆژی لەدایکبوونی دا لە ۲۹ی ئۆگوستس، پالینی بە جەماوەر ناساند. لە چاوپێککەوتێنکدا لە گەڵ ڕۆژنامەی "خەڵك"، کەمێك پاش دیاریکردنی پالین، ماکاین گوتی:" گرنگترین شت ئەوە بوو کە ئەو ڕیفۆرمخوازە". خالێك کە ئەو دیاری کرد لە چاو پێککەوتنێك دوای دوو ڕۆژ لە ناساندنی وەك جێگری سەرۆك لە گەڵ تەلەفزیۆنی فۆکس، ماکاین پرسیاری ئەوەی لێکرا، کە ئایا پالین ئەزموونی تەواوی لە ئاسایشی نیشتمانی هەیە، گوتی: "ئەو بڕیارێکی ڕاست و دروستی داوە" لەوەی کە ئەوی هەلبژاردووە و گەیشتۆتە پلیتێك کە "پڕە لە ڕۆحییەتی ڕیفۆرم و گۆڕان". لە ئەنجامی هەلبژاردنەکەی ماکاین "هەرشتێك ڕوویدات لە هەلبژاردنی نۆڤەمبەردا"، ئەوا ئەمریکا یان ئەوەتا یەکەم سەرۆکی ئەفریقی بە خۆوە دەبینێ، یانیش یەکەم جێگری سەرۆکی ژن. لە ۱۹۸٤ گیرادین فیرۆ یەك ژن بوو کە بۆ پۆستی جێگری سەرۆك هەلبژێردرا لەلایەن والتەر مۆندالی دیموکراتییەکان، بەلاَم لەو سالی ئەم پلیتەی فیرۆ ژێرکەوت، کاتێ ڕکابەری کۆمارییەکان "ڕۆنالد ڕیگان" و جێگرەکەی "جۆرج هێلبێرت والکەر بۆش" باوکی بۆشی ئێستا سەرکەوتن.

# جۆو بیدین، پاڵێوراوی پارتی دیموکرات بۆ جێگری سەرۆك

*داڤید پیتس*



© AP Images/Wilfredo Lee

Democratic vice presidential candidate Senator Joe Biden takes a question during a campaign event in Florida.

سیناتۆر جۆزێف ئاڕ بیدین، پاڵێوراوی پارتی دیموکرات بۆ جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە ژیاننامەی ۲۰۰۷ی خۆیدا بەجێگەیاندنی بەڵێنەکان: لەسەر ژیان و سیاسەت ئاوای نووسیبوو:

"من ڕۆڵی خۆم بە بەشێك لەو چالاکیە دادەنێم بۆ یارمەتیدان لە کۆتایی پێهێنانی جینۆساید لە بەڵقان و مسۆگەرکردنی یاسای نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان وەکو گەورەترین سات لە ژیانی گشتی هاتبێتە کایەوە"

کلیلی تێگەیشتن لەو خۆهەڵسەنگاندنەی بیدین باکگڕاوندەکەیەتی. ئەو بە ڕەگەز ئێرلەندییەکی کاتۆلیکیە، کە لە بارودۆخی میانڕەوانە لە ساڵی ۱۹٤۲ لە سکڕانتۆن ، کە شارێك بە زۆری لە چینی ئیشکەر پێك هاتووە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی پێنسلڤانیا لە دایکبووە. دایکی ژنی ماڵەوە بوو و باوکی ئۆتۆمبێل فرۆش بوو. کاتێك بیدین تەمەنی ۱۰ ساڵ بوو خانەوادەکەی گواستیانەوە بۆ ویلایەتی دێلوار. یەکەمینی خێزانەکەی بوو کە بڕوانامەی کۆلیژ بە دەست بێنێ و دەرچووی کۆلێژی یاسا لە نیو یۆرك زانکۆی سیڕاکیوسە.

خاڵی وەرچەرخانی پیشەی سیاسیی بیدین لەو کاتەوە بوو کاتێك بۆ یەکەم جار وەکو نوێنەری ویلایەتی دێلۆار لە ساڵی ۱۹۷۲ کاتێك تەمەنی ۲۹ ساڵ بوو بۆ ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا هەڵبژیردرا. چەند هەفتەیەك پێش ئەوەی سوێندی یاسایی بخوات هاوسەرەکەی و کچەکەی لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا گیانیان لە دەست دا. دوو کوڕە بچووکەکەی لە ڕووداوەکە ڕزگاریان بوو بەڵام بە سەختیی بریندار بوون.( بیدین دووبارە ژنی هێنایەوە لە ساڵی ۱۹۷۷، یەککگرتنێك کە بەرەکەی کچێك بوو.) کارەساتێکی تر دووبارە سەری هەڵدایەو لە ساڵی ۱۹۸۸ کاتێك دوو هەڵئاوسانی کوشندەی

خوێنبەرەکان لە دەماخیدا دەرکەوت. چاکبوونەوەی ماوەیەکی درێژ و پڕئازاری پێچوو. بۆ ماوەی حەفت مانگ لە ئەنجوومەنی پیران ئامادە نەبوو و زۆربەی کاتەکان لە ناو جێگادا کەوتبوو.

لە ماوەی پیشەی سیناتۆریەکەی، بیدین بە شێوەیەکی بەرچاو تۆمارێکی لیبراڵی پێکەوەناوە. هەرچەندە لەلایەن کۆمارییەکانیش خۆشەویستە و لە نێوان پارتەکان کاری کردووە، بەڵام بەزۆری هەر پاڵپشتیی پارتەکەی خۆی کردووە. بۆ نمونە، بە گوێرەی ڕۆژنامەی واشینتۆن پۆست لە سەدا ٩٦,٦ی جارەکان لەگەڵ دیموکراتەکاتی کۆنگرێسی ئێستا دەنگی داوە. مایکڵ گۆردن لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز نووسیویەتی" بیدین بە شێوەیەکی بەرفراوان وەکو ئینتەرناشناڵیستێکی لیبراڵ سەیر دەکرێ، جەختی لەسەر پێویستی بوونی دیپلۆماسیەت کردووە، بەڵام هەندێ جار لە ئامادەباشیش دا بووە کە بە زەبری هێز پشتگیری بکات."

لە ساڵانی زوویدا، بیدین تەرکیزی لەسەر کێشە ناوخۆییەکان دەکردەوە، ئازادییە مەدەنییەکان و سەپاندنی یاسا و مافی مەدەنی، بیدین لە ١٩٧٥بوو بە ئەندامی کۆمیتەی دادوەری و لە ١٩٨٧ەوە تا ١٩٩٥یش سەرۆکی لێژنەکە بووە. گرنگترین دەستکەوتی بیدین لەو ماوەیەدا لە ڕووی یاسادانانەوە کە بوو کە خۆی دایناوە بە خاڵێکی جیاکەرەوە دادەنرێت, بریتی بوو لە یاسای توندوتیژی دژی ئافرەتان(١٩٩٤). یاساکە لە دارایی فیدراڵیی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی تاوانەکانی دژ بە ڕەگەزی ئافرەتان ملیارەها دۆلار دابین دەکات. بەڵام هەندێ جار بیدین لە تێڕوانینە لیبراڵیە تەقلیدیەکە لای دەدا. بۆ نمونە بە توندی لە یاسای توندتری مادده بێهۆشکەرەکان داکۆکیدەکرد. هەروەها بەرهەڵستیی پرۆگرامی گواستنەوەی قوتابیان بە پاس لە پێناو تێکەڵاو بوونی ڕەگەزی ڕەش و سپی لە قوتابخانەکان دەکرد لە کاتێکدا ئەو پابەند بوو بە مافی مەدەنییەوە.



© AP Images/M. Spencer Green

Obama and Biden wave to a Springfield, Illinois, crowd in August 2008.

## ڕوانگەی بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە

بیدین لە ئەنجومەنی پیراندا لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا ڕێز و پێزانینی بە دەست هێناوە. لەوەتەی ساڵی ١٩٧٥ەوە ئەندامی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران بووە و لە ٢٠٠١ەوە تا ٢٠٠٣ و لە ٢٠٠٧یشەوە تا ئێستا سەرۆکی لیژنەکە بووە. باراك ئۆباما خرایە ئەو پۆستەوە دوای ئەوەی لە ٢٠٠٤ بۆ ئەنجەمەنی پیران هەڵبژێردرا و بیدینی بە باشی ناسی کاتێك بەیەکەوە کاریان دەکرد. ئۆباما ئێستا سەرۆکی کۆمیتەی لقی ئەوروپایە کە پێشتر بیدین سەرۆکایەتی دەکرد. ئەگەرچی ئۆباما و بیدین لەسەر مەسەلەیەکی گرنگی پەییوەندیەکانی دەرەوە ناکۆك بوون. بیدین دەنگی بۆ دوا بڕیاری ئەنجومەنی پیران دا کە لەلایەن ئەمەریکاوە دەسەڵات بە داگیر کردنی عیراق دەدات، بەڵام ئۆباما (کە هێشتا ئەو کات لە ئەنجومەنی پیران نەبوو) لە دژی ئەو بڕیارە بوو.

هەرچەندە، پێش دەنگدان بۆ بڕیارەکە، بیدین لەگەڵ ریچارد لوگاری سیناتۆری کۆماری ویلایەتی ئندیانا کاری دەکرد بۆ دەرکردنی بڕیارێکی یەکلاییکەرەوە بۆ دەسەڵات دان بە کردارەی سەربازی، تەنها کاتێك کە هەوڵە دیپلۆماسیکان بێکەڵك دەبن. بیدین کاتێك دەنگی دا بۆ دەسەڵات پێدان بۆ جەنگ کاتێك

بڕیارەکە ڕەتکرایەوە، بەڵام لە دژی دەسکارییەك کە پێویستی دەکرد لە ئیدارەی بۆش کە داوای دەسەڵات پێدانی زیاتر بکات پێش ئەوەی عیراق داگیر بکات دەنگی دا. لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٥ بیدین دەنگدانی خۆی بە "هەڵە" ناوزەد کرد. لە دەرکەوتنێکی هاوبەشدا لە سپرینگفیلد، ئیلینۆی، دوای ئەوەی ئۆباما بیدینی وەکو یاوەری خۆی لە پاڵاوتنەکان دیاری کرد، سەرکردەی پارتی دیموکرات گوتی: کە پیاوی ژمارە دووی" شارەزایە لە سیاسەتی دەرەوە کە دڵ و بەهاکانی بە قووڵی لە چینی ناوەند ڕەگیان گرتووە." ئۆباماش بیدینی بە "ڕەخنەگرێکی بەهێزی سیاسەتی دەرەوەی بۆش -- مەکەین و دەنگێك بۆ ئاراستەیەکی نوێ کە شەڕەکە دەباتە سەر تیرۆریستەکان و جەنگیش لە عیراق بە شێوەیەکی لێپرسراوانە کۆتایی پێ دێنێ." ناوزەد کرد. لەو ماوەیەی کە لە کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران بوو، بیدین بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ وڵاتانی دەرەوە گەشتی کردووە و پەیوەندییەکی زۆر دۆستانەی لەگەڵ، نەك تەنها زۆر لە سەرکردە بیانییەکان، بەڵکو لەگەڵ جێگرەکانیشیان و یاریدەدەرە باڵاکانیشیان هەیە، بەهەمان شێوە لەگەڵ سەرکردە بەرهەڵستکارەکانیش پەیوەندی هەیە. ئەو لەگەڵ دۆسیەی گرنگدا کاری کردووە وەکو، کۆنترۆڵکردنی چەك و زیادبوونی چەکی ناوکیی و فراوانبوونی ناتۆ و کێبڕکێی زلهێزەکان و پەیوەندیی ئەمەریکا لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێیەم. هەروەها داکۆکیکارێك بەهێزیش بووە لە کرداری نوێی ئایدزی جیهانی و هەر لە زووەوە پاڵپشتی لە هەوڵی جیهانیی کردووە بۆ کەمکردنەوەی دەردراوەکانی کاربۆن و دوانۆکسیدی کاربۆن. (بیدین یەکەمجار یاسای کۆنترۆڵی کەش و هەوای دوو دەیە لەمەوبەر نووسی) هەروەها بە شێوەیەکی گشتیش پاڵپشتیی لە ڕێککەوتننامەی بازرگانیی ئازاد کرووە. هەروەها سیناتۆر بایەخێکی تایبەتیی بە ئەفریقیا دەدات. هەر لە زووەوە ڕەخنەی لە ڕژێمی ئەپارتایدی باشووری ئەفریقیا گرتووە. لە دارفۆر، بۆ وەستاندنی خوێنڕێژیی پاڵپشتیی لە ئیجرائاتی توندتر کردووە.

گرنگترین دەستکەوتی بیدین لە سیاسەتی دەرەوە، بە ڕای زۆربەی چاودێران، هەوڵەکەی بوو بۆ بەربەرەکانێی توندوتیژیی لە بەلقان لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٠ەکان. دەڵێن کەوا بیدین دەنگێکی کاریگەر بوو لە هاندانی ئیدارەی کلینتۆن بۆ ئیجرائات وەرگرتن لە دژی سەرکردەی سربیی سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچ. لە دەرکەوتنی سپرینگفیلدیاندا، ئۆباما گوتی کەوا بیدین،"لە دانانی سیاسەتگەلێك یارمەتی داوە کە کوشتن و کوشتنکاری لە بەلقان کۆتایی پێ دێنا." بە شێوەکی تایبەتی، بیدین هانی خۆتێهەڵقورتاندنی داوە بۆ وەستاندنی پاکتاوی نەژادیی لە دژی موسڵمانەکان لە بۆسنیا. دواتر پاڵپشتیی لە هەڵمەتی بۆمبارانی ناتۆ بۆ سربیا کردووە بۆ ناچار بە دەرچوون کردنیان لە کۆسۆڤۆ.

بیدین دوو جار بۆ سەرۆکایەتی پاڵێوراوە، لە ساڵی ١٩٨٨ و ئەمساڵ، هەردوو جاریش سەرکەوتوو نەبوو. هەڵمەتی ئۆباما گوتی کە ئۆباما وەکو جێگری سەرۆك پاڵێوراوە لەبەر زۆر هۆ، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو باسی شارەزایی ئەوی کرد وەکو سیناتۆری دێلوار و هەروەها تۆماری سیاسەتی دەرەوەی. ئەگەر هەڵبژێردرێ، بیدین دەبێتە یەکەمین جێگری سەرۆکی کاتۆلیك و یەکەم جێگری سەرۆك لە ویلایەتی دێلوارەوە.



# خـــانەوادەی ماکـــاێین

**کێلی برۆنك**



© AP Images

John McCain appeared on the cover of People magazine with his wife Cindy and his seven children.

جۆن ماکاێین و ژنەکەی سندی، بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکەیان ڕێچکەی جیاوازیان گرتۆتەبەر. ماکاێین لە خزمەتگوزاری حکومەتدا و سندیش لە پرۆژەی بازرگانی و خێرخوازیدا. خێزانی ماکاێین حەوت منالّ و چوار نەوەزا لە خۆ دەگرێ.

کێلی برۆنك قوتابی ڕۆژنامەوانییە، لە زانکۆی "نورس ویسترن" لە ئیلّنواس دواهەمین سالّییەتی.

لە خێزانە تێکئالأوەکانی ترادسیۆنی خێزانە ئەمریکییەکان. خێزانی جۆن ماکاێین بە مانای وشە وەك کتێبێکدایە. خێزانی گەورەی سیناتۆر لە حەوت منالّ پێك دێت، کە لە نێوان تەمەنی ٤٨ سالّییەوە تا ١٦ سالّی هەیە، دوو ژن لەخۆ دەگرێ، لەگەلّ چوار نەوەزا.

سێ منداڵە گەورەکەی ماکاێین لە ژنی یەکەمیەتی بە ناوی کاڕۆلّ شێپ، کە ئافرەتێکی نمایشکاری جل و بەرگ بوو لە سالّی ١٩٦٥ خواستی. ماکاێین دوو کوڕی شێپی بەخێو کرد، کە لە هاوسەرداریيەکی پێشووتردا هەیبوو، دۆو و ئاندرۆ، هەروەها کچێکیش بە ناوی سیدنی.

دۆو، کە تەمەنی ٤٨ ە، دوای ڕێچکەی باوکی کەوتووە، لە دەریاوانی ئەمریکی وەك فڕۆکەوان خزمەتی کردووە. ئێستا لە هێلّی ئاسمانی ئەمریکی فڕۆکەوانە، لەگەلّ خێزانەکەی بە دوو منداڵەوە لە فیرجینیا دەژیت. کوڕەکەی تری ماکاێین کە بەخێوی کردووە، ئاندرۆو، جێگری سەرۆك و بەرپرسی سەرەکی داراییە لە کۆمپانیای "هینسلّی و کۆمپانی" کە کۆمپانیایەکی بیرەیە لەلایەن خێزانی ئیستای ماکاێین ەوە سیندی، بەڕێوەدەچێت. ئاندرۆو لە ئەریزۆنیا لەگەلّ ژنەکەی و دوو منداڵەکەی دەژیت. کچە گەورەکەی ماکاێین، سدنی، لە تۆرینتۆ– ئۆهایۆ دادەنیشێ وەك بەڕێوەبەری گشتی لە کۆمپانیای موزیك Record 2 لە کەنەدا کاردەکات.

بۆ هەرسێ منداڵە گەورەکەی ماکاێین ، گەورەبوون مانای ئامادە نەبوونی باوکیان دەگەیەنێ، کە لە جەنگی ڤێتنامدا بۆ ماوەی پێنج و سالّ نیو دیلی جەنگ بوو. سیدنی، کچی گەورەی کە لەو کاتەی نۆمانگ بووە. کاتێ باوکی گیراوە، لە چاوپێکەوتنێکدا لەلایەن

ڕۆژنامەی "نیۆرك تایمز" دەڵێ:" من باوکێکم نەبوو تا غەریبی بکەم، لەبەر ئەوەی نەمزانیبوو باوك چییە". پاش کۆتایی جەنگی ڤێتنام، ماکاێین لە ساڵی ١٩٧٣ گەڕایەوە ماڵەوە. ماکاێین لە بابەتێك لە ڕۆژنامەی" نیوز ئاند ورلد ڕیپۆر" ی ئەمریکیدا لەبارەی ئەزموونی جەنگدا دەنووسێ:"من کاتی زۆرم هەبوو بیر لەوێ بکەمەوە، گەیشتە ئەو دەرئەنجامەش کە یەکێك لە گرنگترین شتەکانی دونیا–لەگەڵ خێزاندا– بریتیە لە بەخشینێك بۆ وڵات".

پاش گەڕانەوەی، ماکاێین هاوسەرداری لەگەڵ ژنی یەکەمی وەك جاران نابێت، پاشان لێك جیا دەبنەوە. ئەوان بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەك هاوڕێ دەمێننەوە، ژنەکەی دەبێتە هاوکاری لە کاری سیاسیدا.


© AP Images/Mary Altaffer

Three generations of John McCain's family: wife Cindy McCain, mother Roberta McCain, and daughter Meghan McCain in Mississippi.

لە ساڵی ١٩٧٩ ماکاێین لەگەڵ ژنی دووەمیدا بەیەك دەگەن، سندی هێنسلی. سندی بەشداری زانکۆی کالیفۆرنیای باشور دەکات. کە لەوێ لە پەروەردەدا پلە بەدەست دێنێت و ماجیستێریش لە پەروەردەی تایبەت. پاش دەرچوونی وانەی بە منداڵانی کەمئەندام دەگوتەوە. لە هاوای لەکاتی پشوویەکدا، هێنسلی چاوی بە ماکاێین کەوت، پاش دڵدارییەکی کورت، لە ساڵی ١٩٨٠ هاوسەرداریيان پێکهێنا. چوارمنداڵیان هەبوو سەرباری کچێکی بەخێوکراوی دیکەشەوە.

خاتو ماکاێین "هێنسلی" کە ٥٤ ساڵە، زۆربەی ژیانی خۆی بۆ کاری مرۆیی تەرخان کردووە، بەتایبەتی بۆ بواری تەندروستی منداڵان و چاودێری کردنیان. لە ساڵی ١٩٨٨، تیمی پزیشکی خۆبەخشی ئەمریکی دامەزراند، کە ڕێکخراوێکی غیرە حکومییە یارمەتی مرۆیی پێشکەش بە پزیشکە پرۆفیشنەڵەکان دەکات، هەروەها بە قووڵیش ڕۆچووە نێو ڕێکخراوە ناحکومییەکانی وەك HALO, Operation Smile و CARE.

شان بە شانی کاری مرۆیی، خاتو ماکاێین بزنزمانێکی چالاکە، ئێستا دەستەی کۆمپانیانی "هێنسلی و کۆمپانی" ی لەبەر دەستە، کە کاری خێزانەکەیە و یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیای بیرە لە ئەمریکا. هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٠، ئەم کۆمپانیایەی لە میراتی باوکییەوە بۆ ماوەتەوە بەڵام کۆمپانیاکە لە ژێر ڕێنمای ئەو کاردەکات و بە بەهای ٢٥٠ ملیۆن دۆلار بەهای بۆ دەخملێنرێت.

گەورەترین کچی ماکاێین (نەك هی ژنی پێشوتری) ناوی میگانە، تەمەنی ٢٣ ساڵە، بەم دواییانە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا دەرچووە. لە ماوەی خوێندنی کۆلیژیدا، حەزی لە ڕۆژنامەوانی بووە. ئێستاش خەریکی نووسینی یاداشتنامەیەکە دەربارەی ئەزموونی کاری وەك یاریدەدەرێك لەسەر هەڵمەتەکانی سەرکردایەتی باوکی.

جاکسی ٢٢ ساڵ، بەرەو چوارەم ساڵی دەچێت لە ئەکادیمیای دەریاوانی ئەمریکی لە ئاناپۆڵس–ماریلاند. وەك باوکی هیوای ئەوەیە ببێتە فڕۆکەوانی دەریایی. هەروەك بیناکردنێك لەسەر میراتی سەربازی خێزانەکەی، "جیم"ی تەمەن ٢٠ ساڵ یەکەم ساڵێتی "مارین کۆرپسی" ئەمریکی، و لەم دواییانەدا لە خزمەتی سەربازیی لە عێراق گەڕاوەتەوە.

بچوکترین کچی بەخێوکراوی ماکاێین ، بریدجێنت، کە تەمەنی ١٦ ساڵە و لە قۆناغی ئامادەیی قوتابییە، لە هەتیوخانەی "دایکە تیریزا"وە هێناویانە لە بەنگلادیش کاتێ تەمەنی ١٥ هەفتە بووە.

# خـــانەوادەی ئۆبـــامـــا

*کێلی برۆنك*



Barack Obama relaxes with wife Michelle and daughers Malia, right, and Sasha in 2004.

© AP Images/M. Spencer Green

ئەگەر باراك ئۆباما هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی بباتەوە لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ ئەوا خانەوادەی ئۆباما یەکەم خانەوادەی ئەمەریکی بە ڕەچەڵەك ئەفریقین کە بچنە ناو کۆشکی سپی.

ئۆباما و هاوسەرەکەی، میشێلی تەمەن ٤٤ ساڵ، زۆر چاك ئاگایان لە گرنگی ئەم هەڵمەتە نوێخوازە هەیە و لەوەش کە ئەو پاڵاوتنە مێژووییە بۆ زۆر لە ئەمریکیەکان مانای چی دەگەیەنێ. لە وتاری هەڵمەتی دەنگ کۆکردنەوەدا، خاتوو ئۆباما زۆرجار ئاماژە بە کچێکی بچووکی تەمەن ١٠ ساڵان دەکات کە لە دوکانێکی جوانکاریی لە ساوز کارۆلاینا چاوی پێی کەوتووە کە بە خاتوو ئۆبامای گوتووە کە ئەگەر ئۆباما بە سەرۆك هەڵبژێردرێ، "ئەمە مانای ئەوەیە من دەتوانم خەیاڵی هەموو شتێك بکەم بۆ خۆم".

خاتوو ئۆباما بە ڕۆژنامەی نیوز ویك دەڵێ: "دەشێ ئەو کچە بووبم، لەبەر ئەوەی ڕاستییەکە ئەوەیە، کە مەفروز نییە لێرە بم، لێرە ڕاوەستم، من تەنها نامۆییەکی ستاتیستیکیم. کچێکی ڕەشپێست، لە بەشی باشووری شیکاگۆ گەورە بووم. بۆم دەکرا بۆ زانکۆی پرینستۆن بچم ؟ نا...گوتیان کە کۆلێژی یاسای زانکۆی هارڤەرد بۆ من زۆر زۆر بوو کە بیگەمێ، بەڵام چووم، باشیش بووم. بە هەمان شێوەش، بە دڵنیاییەوە من مەفروز وا نییە کە لێرە ڕاوەستم."

میشێل ڕۆبنسۆن، لە خانەوادەیەکی چینی ئیشکەر لە شیکاگۆ لە ویلایەتی ئیلینۆی لە دایك بووە و پەروەردە کراوە. باوکی لە فەرمانگەی ئاو لە شارەوانی کاری دەکرد و کاپتنێکی دیموکراتی دایەرەی هەڵبژاردن بوو، لە کاتێکدا دایکی ژنی ماڵەوە بوو، کە ئاگای لەو و برایە گەورەترەکەی (کرەیگ)، دەبوو.

میشێل لە قوتابخانە زۆر هەوڵی دەدا و دەیخوێند تا لە زانکۆی پرینستۆن شوێنێکی بە دەستهێنا لە ساڵی ١٩٨٥ پاش بە دەست هێنانی بڕوانامەیەکی خوار دەرچوو لە کۆمەڵناسی لەگەڵ بڕوانامەیەکی لاوەکی لە دیراساتی ئەمریکیە بە ڕەچەڵەک ئەفریقیەکان، چووە کۆلێژی یاسای هارڤەرد.


باراك ئۆباما و میشێل لە ساڵی ١٩٨٩ لە شەریکەیەکی پارێزەریی، سیدلی و ئۆستن لە شیکاگۆ لە ویلایەتی ئیلینۆی یەکتریان ناسی کاتێك میشێل یاریدەدەر بوو و ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرابوو مەشق بە ئۆباما بکات کە مگبق بوو. ئۆباما داوای لە میشێل کرد کە لە یەکێك لە خولەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگادا ئامادە بێت لە شیکاگۆ. میشێل قەبوڵی کرد و لە کۆبوونەوەکە ئامادە بوو، کە لەوێ بە ڕۆژنامەی نیوزویکی گوت، کە ئۆباما قسەی بۆ بەشداربووان کردووە لە سەر داخستنی بۆشایی لە نێوان" جیهان بەو شێوەی کە هەیە، لەگەڵ جیهان بەو شێوەیەی کە پێویستە ببێ."

پەیوەندی ئەو دووانە بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٩٩٢ بوونە هاوسەر. خانەوادەی ئۆباما سۆزێکی هاوبەشیان هەیە بۆ خزمەتی گشتی و زۆر لە کاتی تەمەنی کاملێتیان بۆ ئەو پیشانەی لە کەرتی گشتین تەرخان کردووە.

دوای بە جێهێشتنی کاری پارێزەریی لەو شوێنەی کە یەکتریان ناسیبوو، خاتوو ئۆباما چەندین پۆستی لە بەڕێوەبردن لە شیکاگۆ وەرگرت و خەریکی دامەزراندنی بەڕێوەبەری تەنفیزی ڕێکخراوی هاوپەیمانانی گشتیی لە شیکاگۆ بوو ، کە ڕێخراوێك بوو هانی گەنجانی دەدا بۆ بە دوادا گەڕانی ئەو کارانەی لە بواری خزمەتی گشتی دان. بەم دواییانە، خاتوو ئۆباما وەکو جێگری سەرۆکی کۆمەڵگە و کاروبارە دەرەکییەکان لە زانکۆی سەنتەری پزیشکیی شیکاگۆ کاری دەکرد.

دکتۆر میرا گوتین لە زانکۆی ڕایدەر لە نیو جێرسی دەڵێ: "بێگومان خاتوو ئۆباما کەسێکە کە سوود لەو مینبەرەی وەردەگرێت کە لەلایەن کۆشکی سپی پێیدراوە، ئەو کەسێکی هۆشیار و ڕەوانبێژە و ئەزموونی پیشەیی لە بەڕێوە بردندا هەیە."

خانەوادەی ئۆباما هیوای ئەوە دەخوازن، کە جۆش و خرۆشیان بۆ خزمەتی گشتیی و سەرکەوتنە پیشەییە زۆر و زەوەندەکانیان یارمەتیدەر بن لە سەرکەوتنی ئۆباما لە هەڵبژاردنی تشرینی دووەم، بەڵام بۆ ئۆباما، دوو لە هێزە پاڵنەرەکان لە پشتەوەی حەزی ئەو بۆ سەرۆکایەتیی و هەبوونی شوێنکارێکی ئیجابی بەسەر جیهانەوە، دوو کچەکانیەتی،کە مالیا ی تەمەن ١٠ ساڵان و ساشا (کورتکراوەی ناتاشا) ٧ ساڵانە. ئەگەر ئۆباما لە هەڵبژادن سەرکەوێ، کچەکانی دەبنە بچووکترین دانیشتووانی کۆشکی سپی لەوەتەی ئێمی کارتەر، کە تەمەنی ٩ ساڵان بوو کاتێك لە ساڵی ١٩٧٦جیمی کارتەری باوکی بە سەرۆك هەڵبژێردرا.



© AP Images/Rob Ostermaier
Michelle Obama reads to children at a military school in Norfolk, Virginia.

ئۆباما لە ڕۆژی باوکاندا، لە وتەیەکدا لە کلێسای شیکاگۆ گوتی: "ژیانی من هەمووی بە دەوری دوو کچەکانمدا دەخولێتەوە، ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە ئەوەیە چ جۆرە جیهانێك لە دوای خۆم بۆیان بە جێدەهێڵم. ئەوەی کە درکم پێکردووە ئەوەیە، ژیان هیچی ئەوتۆ نییە، ئەگەر هەوڵی خۆمان نەدەین بۆ بەجێهێشتنی دونیایەکی باشتر بۆ منداڵەکانمان، بۆ هەموو منداڵەکانمان، ئەمە ئەوپەڕی بەرپرسیارێتیە بۆ ئێمە وەکو باوك و باوان."

# چۆن کۆلێژی هەڵبژاردن کــار دەکات



© AP Images/Steven Senne

Presidential electors take the oath of office in December 2000 at the Massachusetts State House in Boston.

نەتەوەیی ئەو ئاژانسەی حکومەتی فیدراڵە کە سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکات.


هەر ویلایەتێك ژمارەیەك نوێنەری بۆ دیاریکراوە، کە یەکسانە بە ژمارەی سیناتۆرەکانی لە ئەمریکا (هەمیشە دووانن) لەگەڵ ژمارەی نوێنەرەکانی لە ئەمریکا، کە بەندە بە سەرژمێری دانیشتوان کە هەر ١٠ ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت. ئێستا، ویلایەتی پڕ دانشتوانی کالیفۆرنیا ٥٥ نوێنەری هەیە، لە کاتێکدا ویلایەتێك کە دانیشتوانی کەمتر بێت وەك داکۆتای باکوور، ڕەنگە تەنها سێ یان چوار نوێنەری هەبێت.

ئێستا کۆلێژی هەڵبژاردن لە ٥٣٨ نوێنەر پێك هاتووە (یەکێك بۆ هەر یەکە لە ٤٣٥ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و ١٠٠ سیناتۆرەکە، لەگەڵ سێیانیان بۆ کەرتی کۆلۆمبیا، واشنتۆنی پایتەختی نیشتمانی). زۆرینەی ٢٧٠ دەنگی نوێنەری پێویستە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك.

دەستووری ئەمریکا چەند مەرجێکی ئێجگار کەمی تێدایە، کە پەیوەندییان بە تواناکانی نوێنەران هەبێت. ماددەی دوو کردوویەتی بە مەرج، کە هیچ ئەندامێکی کۆلێژی هەڵبژاردن "یان کەسێك کە پۆستێکی بەرپرسیاری یان قازانجی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەبێت" بە نوێنەر دیاری ناکرێت.

پرۆسەی دیاریکردنی نوێنەران لە ویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی تر جیاوازە. بە گشتی، سەرانی پارتی سیاسی ویلایەتەکە لە کۆنگرەکانی پارتەکان لەسەر ئاستی ویلایەتەکە نوێنەران دەپاڵێون یان بە دەنگدانێکی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئەو ویلایەتە دیاری دەکرێن. بەزۆری نوێنەران دیاری دەکرێن تا خزمەت و دڵسۆزی پێشکەش بە پارتە سیاسییەکەیان بکەن. دەکرێت بەرپرسانی نوێنەرداوی ویلایەت بن، سەرانی پارتەکان، یان ئەو خەڵکانە بن کە پەیوەندییان بە پاڵێوراوی سەرۆکایەتییەوە هەیە.

دەنگدەران لە هەر ویلایەتێك ئەو نوێنەرانە دەستنیشان دەکەن، کە بەڵێنیان بە پاڵێوراوێکی سەرۆکایەتی داوە لە ڕۆژی هەڵبژاردنە گشتییەکان — سێ شەممەی دوای یەکەم دوو شەممە لە مانگی تشرینی دووەم (٤ی تشرینی دووەم لە ٢٠٠٨دا). ناوی نوێنەران لەوانەیە یان لە وانە نییە دەربکەوێت لەسەر تکتی دەنگدان لەژێر ناوی پاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتی، ئەمەش بەندە بە ڕێوشوێنی هەر ویلایەتێك.




The Constitution sets out the way the Electoral College works, with little direction about who can serve as electors..

نوێنەران لە هەر ویلایەتێکدا لە دوو شەممەی یەکەم دوای دووەم چوار شەممە لە کانوونی یەکەم (١٥ی کانوونی یەکەم لە ٢٠٠٨دا) کۆدەبنەوە بۆ دیاریکردنی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

هیچ مەرجێکی دەستوور یان یاسایەکی فیدراڵی داوا لە نوێنەران ناکات بە یەك دەنگ لەگەڵ دەنگی گشتیی ویلایەتەکەیان دەنگ بدەن. بەڵام یاسای هەندێك ویلایەت کردوویانەتە مەرج کە ئەو نوێنەرانەی پێیان دەوترێت ناپاك غەرامە بکرێن یان مافیان لێ بسەندرێتەوە بەهۆی دەنگدانێکی نادروست و بە نوێنەرێکی جێگرەوە بگۆڕدرێنەوە. دادگای باڵای ئەمریکا بە شێوەیەکی تایبەت بڕیاری نەداوە لەسەر ئەو بابەتەی ئاخۆ دەبێت پەیمانەکان و سزاکان سەبارەت فەرامۆشی لە دەنگداندا هەر وەك بەڵێن بوو لە ژێر ڕۆشنایی دەستوورەوە بچەسپێنرێن. هیچ نوێنەرێك هەرگیز نەدراوە بە دادگا بەهۆی دەنگ نەدان بەو شێوەی بەڵێنی دابوو.

ئەمڕۆ نوێنەران بە دەگمەن دەنگی خەڵك پشتگوێ دەخەن بە دەنگدان بۆ کەسێکی تر جگە لە پاڵێوراوی پارتەکەی خۆیان. نوێنەران بە گشتی پێگەیەکی سەرکردایەتییان لە پارتەکەی خۆیان هەیە یان هەڵبژێردراون تا چەندین ساڵی خزمەتی دڵسۆزانە پیشانی پارتەکە بدەن. بە درێژایی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکان، زیاتر لە ٩٩ لە سەدای نوێنەران بەو شێوەیە دەنگیان داوە کە بەڵێنیان داوە.

کۆی دەنگەکانی کۆلێژی هەڵبژاردن  سەرۆك و جێگری سەرۆك دیاری دەکات، نەك برەویی ئەژماری یان زۆرینە کە لەوانەیە پاڵێوراوێك لە کۆی دەنگە گشتییەکان لەسەر ئاستی نەتەوەییدا هەیبێت. چوار جار لە مێژووی ئەمریکادا — ١٨٢٤، ١٨٧٦، ١٨٨٨ و ٢٠٠٠ — ئەو پاڵێوراوەی کە زۆرترین دەنگی گشتی لەسەر ئاستی نەتەوەیی بەدەست هێناوە نەیتوانیوە زۆرینەی دەنگەکانی نوێنەران بەدەست بهێنێت.

لە ٢٠٠٨دا، ٤٨ لە ٥٠ ویلایەتەکە و کەرتی کۆلۆمبیا دەنگی نوێنەران لەسەر ئەو بنەمایە دەبەخشن، کە براوە گشت دەنگەکان دەباتەوە. بۆ نموونە، هەر ٥٥ دەنگەکەی نوێنەریی کالیفۆرنیا بۆ براوەی دەنگە گشتییەکانی ئەو ویلایەتە دەبێت، تەنانەت ئەگەر پلەی جیاوازی سەرکەوتن تەنها ٥٠,١ لە سەدا بۆ ٤٩,٩ لە سەدا بێت. تەنها دوو ویلایەت، نێبراسکا و مێین، پەیرەوی یاسای براوە گشت دەنگەکان دەباتەوە، ناکەن. لەم دوو ویلایەتەدا، دەکرێت دەنگەکانی نوێنەری بەش بکرێن لە نێوان پاڵێوراوەکاندا لە ڕێی بڕینەوەیەکی ڕێژەیی دەنگەکان.


کۆلێژی هەڵبژاردن  بە هاوبەشی کۆ دەبێتەوە لە کانوونی دووەمی ساڵی دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بۆ هەژمارکردنی دەنگەکانی نوێنەری.

ئەگەر هیچ پاڵێوراوێکی سەرۆکایەتی زۆرینەی دەنگەکانی نوێنەری بەدەست نەهێنا، هەمواری دوانزەهەمی دەستوور مەرجێکی داناوە کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەکە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر بدرێت. ئەم ئەنجومەنە بە زۆرینەی دەنگ سەرۆك دیاری دەکات، یەکێك لەو سێ پاڵێوراوە دیاری دەکات کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکانی نوێنەرییان بەدەست هێناوە. دەنگدانەکە ویلایەت بە ویلایەت وەردەگیرێت، و نوێنەرانی هەر ویلایەتێك یەك دەنگیان دەبێت. ئەگەر هیچ جێگرێکی سەرۆك زۆرینەی دەنگەکانی نوێنەری بەدەست نەهێنا، ئەنجومەنی پیران جێگری سەرۆك دیاریدەکات بە زۆرینەی دەنگ، و هەر سیناتۆرێك یەکێك لەو دوو پاڵێوراوە هەڵدەبژێرێت کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکانی نوێنەریان بەدەست هێناوە.

ئەنجومەنی نوێنەران دوو جار سەرۆکی هەڵبژاردووە، لە ١٨٠٠ و ١٨٢٤دا. ئەنجومەنی پیران یەك جار جێگری سەرۆکی هەڵبژاردووە لە ساڵی ١٨٣٦دا.

سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە ٧٠٠ پێشنیار لە کۆلێژی هەڵبژاردن دا خراونەتەڕوو بۆ چاکسازیکردن یان لادانی کۆلێژی هەڵبژاردن . ئەو پێشنیارانەی لەسەر گۆڕینی کۆلێژی هەڵبژاردن  لە ڕێی هەمواری دەستووری خراونەتەڕوو لە هەر پێشنیارێکی تر لەسەر بابەتێکی تر زیاترن.

بۆچوونەکان سەبارەت بە توانای سەرکەوتنی سیستەمی کۆلێژی هەڵبژاردن  ڕەنگە بکەوێتە بەر کاریگەریی هەڵوێست لەبەرامبەر لایەنەکانی سێیەم – واتە لایەنەکان جگە لە پارتی دیموکراتی و پارتی کۆماری. لایەنەکانی سێیەم ماڵئاواییان لە سیستەمی کۆلێژی هەڵبژاردن  نەکردووە. لە ١٩٤٨ و ١٩٦٨، پاڵێوراوانی لایەنی سێیەم کە داواکاری هەرێمیان هەبوو چەند بەرەیەکی دەنگەکانی نوێنەریان لە باشوور بردەوە کە دەکرا کاریگەری دروست بکردایە لەسەر دەرئەنجامەکە، بەڵام نزیك نەبوونەوە لە دروستکردنی بەرەنگاری جدیانە لە بەرامبەر براوەی لایەنی زۆرینە. دوا پاڵێوراوی لایەنی سێیەم کە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا لە ١٩١٢ سەرۆك کۆماری پێشوو سیۆدۆر ڕوزێڤێڵت بوو. ناوبراو بە دووەمێکی دوور دەرچوو لە دەنگەکانی نوێنەری و گشتیدا (٨٨ دەنگی بەدەست هێنا لەو ٢٦٦ دەنگەی نوێنەرانی کە پێویست بوو بۆ بردنەوە). هەرچەندە ڕۆس پێرۆت ١٩ لە سەدای دەنگی گشتی لەسەر ئاستی نەتەوەیی لە ١٩٩٢دا بەدەست هێنا، هیچ دەنگێکی نوێنەرانی نەبردەوە، چونکە بە شێوەیەکی تایبەت لە هیچ ویلایەتێکدا بەهێز نەبوو.


The 50 States and the District of Columbia by Electoral College Weight …
… and by Conventional View
ALASKA
WASHINGTON
OREGON
MONTANA
NORTH DAKOTA
MINNESOTA
SOUTH DAKOTA
WYOMING
IDAHO
WISCONSIN
MICHIGAN
NEW YORK
MAINE
NEVADA
UTAH
NEBRASKA
IOWA
ILLINOIS
INDIANA
OHIO
PENNSYLVANIA
CALIFORNIA
COLORADO
KANSAS
MISSOURI
KENTUCKY
VIRGINIA
ARIZONA
NEW MEXICO
OKLAHOMA
ARKANSAS
TENNESSEE
NORTH CAROLINA
GEORGIA
ALABAMA
TEXAS
LOUISIANA
FLORIDA
HAWAII

# بردنـــەوەی زۆرینەی کۆنگرێس

***نووسینی: دەێڤد مارک***

سیـستەمی کۆلێـژی هەڵبـژاردن هەڵبـژاردنی سـەرۆکی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان تـا لـە ژمـاردنی تێکـڕای دەنگـە گـشتییەکان بـە شـێوەیەکی سـادە زۆر ئـاڵۆزتر دەکـات. پارتـە سیاسـییە سەرەکییەکان پێویستە چـەندین ستراتیژی دابڕێـژن بـۆ بردنـەوەی "ویلایەتـە هەڵپەسـێردراوەکان" کـە دەکرێـت چارەنووسـی هەڵبژاردنەکە دیاری بکەن.

ئەمریکییەکان هەر چوار ساڵێك دەنگ بۆ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەدەن، بەڵام ئەوەی لەوانەیە سەیر بێت ئەوەیە هەڵبژاردنی نەتەوەیی بوونی نییە. لە بری ئەوە، ئەمریکییەکان بۆ پلەیەکی نیشتیمانی دەنگ دەدەن لە ٥١ پڕۆسەی دەنگدانی جودا لە ٥٠ ویلایەتەکە و کەرتی کۆلۆمبیا (شاری واشنتۆنی پایتەخت). ئەم ژمارانە کە لەگەڵ یەکتردا کۆکرانەوە کۆلێژی هەڵبژاردن پێك دەهێنن و بڕیار لەسەر هەڵمەتەکانی سەرۆکایەتی دەدەن.

کۆکردنەوەی زۆرینەی کۆلێژی هەڵبژاردن به یەکەوە کارێکی ئاڵۆزە. هەڵمەتەکانی سەرۆکایەتی بێ ئەژمار کات بەسەر دەبەن بۆ دروست کردنی ستراتیژیی گەیشتن بە ژمارە ٢٧٠ی سیحری لە دەنگەکانی نوێنەری کە زۆرینەی تێکڕای ٥٣٨ دەنگەکەیە. بنیاتنانی زۆرینەی کۆلێژی هەڵبژاردن بێ گومان واتە سەرفکردنی کات و چەندین سەرچاوەی بەنرخ لە ویلایەتێکدا لەسەر حسابی ویلایەتێکی تر. لە هەفتەکانی کۆتاییدا بەر لە ڕۆژی هەڵبژاردن، هەڵمەتەکان دەبێت ڕۆژانە بڕیاری قورس بدەن سەبارەت بەو ویلایەتانەی کە دەبێت بە جدییەوە بکرێنە ئامانج و ئەوانەش کە دەبێت فەرامۆش بکرێن. هەڵبژاردنی ویلایەتە چەوتەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵمەت واتە جیاوازی نێوان بردنەوەی کۆشکی سپی و دەرچوون لە ساردوسڕی سیاسی لە ڕۆژی فەرمانڕەوایی گرتنە دەست کە دەکاتە ٢٠ی کانوونی دووەم.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاستیی سیاسی وای دەرخستووە کە زۆرینەی ویلایەتەکان، زیاتر لە ٣٠ یان ژمارەیەکی لەم شێوەیە، ڕەنگە بە بێ ترس دیموکراتی یان کۆماری بن و نەکەوتبێتنە پێشبڕکێی توندەوە. سەرفکردنی کات و پارە لەم ویلایەتە بێ ترسانە بەفیڕۆدانێکی مەترسیدارە بۆ هەر یەکێك لەم هەڵمەتانە.



© AP Images/Madalyn Ruggiero

Democratic nominee Barack Obama campaigns in Ohio, where he lost the Democratic primary election to Hillary Clinton.

### گۆڕەپانی نەگۆڕی یاری

دەیەی یەکەمی سەدەی ٢١ دەریخستووە، کە ئامانجە ڕوونەکان کەمتر و کەمتر دەبنەوە بە بەراود لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ڕابردوودا. بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانێکی کەم لە نەخشەی نوێنەریدا ڕوویدا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ٢٠٠٠ و ٢٠٠٤دا. لە ڕاستیدا، تەنها سێ ویلایەت لایەنی خۆیان گۆڕی: ئایۆوا و نیو مەکسیکۆ کە لە پاڵپشتیکردنی ئاڵ گۆڕی پاڵێوراوی دیموکراتەکان لە ٢٠٠٠دا ڕوویان کردە جۆرج دەبلیو بوشی سەرۆکی کۆمارییەکان لە

٢٠٠٤دا، هەروەها نیو هامشایەر کە لە ٢٠٠٠ پاڵپشتی لە بوش کرد بۆ پاڵێوراوی دیموکراتی جۆن کێری بەڵام چەند ساڵێك دواتر ڕووی وەرگێڕا. ئەمە یەکێکە لە نەگۆڕترین نەخشەکانی سەرۆکایەتی لە مێژوویەکی نزیکدا.

لەگەڵ ئەوەشدا لە ٢٠٠٤دا، ١٣ ویلایەت یەکلاییکرانەوە بە حەوت خاڵی سەدی یان کەمتر: کۆلۆڕادۆ، فلۆریدا، ئایۆوا، میشیگان، مینیسۆتا، نیڤادا، نیو هامشایەر، نیو جێرسی، نیو مەکسیکۆ، ئۆهایۆ، ئۆریگۆن، پێنسیلڤانیا، و ویسکۆنسن. بۆیە لە ٢٠٠٨دا، ستراتیژییەکانی هەڵمەت بۆ پاڵێوراوی کۆماری جۆن ماکاین و هەڵگری پێوەرەکانی دیموکراتی باراك ئۆباما بەدوای ڕێگادا دەگەڕێن بۆ فراوانکردنی گۆڕەپانی یاری و هێنانی دەنگ بۆ کۆلێژی هەڵبژاردنی ویلایەتی زیاتر بۆ ناو یاریەکە.

بۆ نموونە، پلانی ئۆباما داوا دەکات نەخشەی هەڵژێری فراوان بکرێت بە بەرەنگاربوونەوەی ماکاین لەو ویلایەتانەی بە شێوەیەکی نموونەیی کۆمارین، لەوانەش کارۆلینای باکوور و میسۆری و مۆنتانا. لە هەمان کاتدا، ستراتیژیی ماکاین ئامانجی ئەوەیە بۆ ئەو ویلایەتانە پێشبڕکێ بکات، کە بەم دواییانە بۆ دیموکراتەکان دەنگیان داوە، وەك پێنسلڤێنیا — کە تیایدا ئۆباما لەسەر دەستی سیناتۆر هیلاری کلینتۆن لە هەڵبژاردنی سەرەکیدا بۆ پاڵێوراویی دیموکراتییەکان بە تەواوی شکستی خوارد — هەروەها میشیگان کە تیایدا لە هەڵبژاردنی سەرەکیدا بەشداری پێشبڕکێی نەکرد.

## ستراتیژییەکانی کۆلێژی هەڵبژاردن

ڕێگای ئۆباما بۆ ٢٧٠ دەنگە پێویستەکانی نوێنەریی بە گرتنەدەستی هەر ویلایەتێك دەست پێ دەکات کە لەلایەن جۆن کێری لە ٢٠٠٤دا براوونەوە و گرنگیش بە کۆمەڵێك ویلایەت دەدات کە بانگەشەکارانی ئۆباما پێیان وایە بۆ گۆڕان پێگەیشتوون. کێری ٢٥٢ دەنگی نوێنەری بردەوە. بۆ بەدەستهێنانی ١٨ دەنگی نوێنەریی زیاتر، ئۆباما هەر یەك لەمانە دەکاتە ئامانج: ئایۆوا، ڤێرجینیا، کارۆلینای باکوور، نیو مەکسیکۆ، نیڤادا، و کۆلۆڕادۆ و چەندانی تر. لیستی ئۆباما ئۆهایۆش لەخۆ دەگرێت کە لەوێدا هەڵبژاردنی سەرەکی بە کلینتۆن دۆڕا، بەڵام لە هەڵبژاردنی نیوەڕاست لە ٢٠٠٦ لە نکاو بە ئاڕاستەی دیموکراتەکان گۆڕا. لە لایەن خۆیەوە، ماکاین هیواخوازە دەنگدەران یارمەتی بدەن لە دەستگرتن بەسەر ئۆهایۆ کە شوێنێکی گرنگ بووە بۆ سەرکەوتنی کۆمارییەکان لە دوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ڕابردوودا، هەروەها میشیگان و پێنسلڤێنیا و ویسکۆنسن بێنێتە ڕیزی کۆمارییەکان.


بەڵام هەندێ جار ستراتیژیی هەڵمەتەکان بۆ ئەنجومەنی نوێنەریی ئاڕاستەکراو بەرەو ویلایەتەکان هەموو شتێك نین کە دەرئەکەون. زۆرجار هەڵمەتەکان بە فێڵی وورد و ئاڵۆز سەرقاڵ دەبن تا وا دەربکەون هەروەك بڵێی بڕێکی زۆر لە پارە سەرف دەکەن بۆ بردنەوەی ویلایەتێك، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا مەبەستێکی لەم جۆرەیان نییە. بیرۆکەی ناچارکردنی هەڵمەتە بەربەرەکانیکارەکان تا کات و پارەی زۆر سەرف بکەن لە ویلایەتانەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی بە سەلامەت دادەنران — بۆ ئەوەیە بەرگری بکەن لە هەرێمەکانی خۆیاندا.

نموونەیەکی کلاسیکی بۆ ئەم ستراتیژییەی "سەرکردایەتی فیلّلدار" لە سەروبەندی ڕۆژە دوایی و گەرمەکانی هەڵمەتی سەرۆکایەتی ٢٠٠٠ ڕوویدا، کاتێك ئاڵ گۆڕی جێگری سەرۆك کە دیموکرات بوو پەلەی کرد تا جێگای گەورەکەی سەرۆك بیلّ کلنتۆن بگرێتەوە، لە کاتێکدا پاڵێوراوی کۆماری حاکمی تەکساس جۆرج دەبلّیو بوش بوو. لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠، تەنها چەند هەفتەیەك پێش ڕۆژی هەڵبژاردن، هەڵمەتی بوش بڕیارێکی پرسیارهەڵگری دا بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەشەی گرانبەهای تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی لە کالیفۆڕنیا کە ٥٤ دەنگی نوێنەری هەبوو (ئێستا ٥٥ی هەیە) و خاڵی سەرچاوەی سەرەکیی سیاسەتی سەرۆکایەتییە. تیمی بوش زیاتر لە ١ ملیۆن دۆلاری سەرف کرد لە کارەکانی بانگەشە لە بازاڕی میدیای گرانبەهای کالیفۆڕنیا — لۆس ئێنجلّز، سان فرانسیسکۆ، و سان دیاگۆ — هەروەها پاڵێوراوی کۆماری بۆ

جێگری سەرۆك دیك چینی ڕۆژێكی بەنرخی لەو ویلایەتەدا بە گەڕان بە شار و شارۆچكەكاندا لە ڕۆژە هەرە دواییەكانی هەڵمەتەكە بەسەر برد.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵمەتی گۆر دانەخۆرەكەی بەرنەكەوت. تیمی دیموكراتەكان، كە دڵنیابوون لە پاڵپشتی بەهێزی دیموكراتەكان لە كالیفۆرینا، گرنگی بە سەرچاوە دیاریكراوەكانی خۆی لە شوێنی تر دا. ئەمە دەركەوت ستراتیژییەكی زیرەكانە بوو، چونكە گۆر كالیفۆرنیای بە ئاسانی بردەوە بە ڕێژەی ٥٣ لەسەدای دەنگەكان بەرامبەر بە ٤٢ لە سەدای دەنگەكانی بوش.

بەڵام لە ئۆهایۆ، هەڵمەتی گۆر زۆر زوو كشایەوە و خۆی بێ بەش كرد لە هەلی شاراوەی بردنەوەی ٢١ دەنگی نوێنەریی ویلایەتەكە. لە كاتێكدا هەڵمەتی گۆر كردبوو لە ئۆهایۆ پێشبینی سەركەوتنێكی گەورەی كۆمارییەكانی، دەركەوت كە بوش تەنها بە ٣,٥ لەسەدای خاڵی دەنگەكانی بردەوە. بە گرنگیدانێكی زیاتر، ئەنجامی سەرتاسەری ئەو ویلایەتە لەوانەبوو زۆر باش بگۆڕایە، و سەركەوتن لەوێدا دەكرا زیاتر سەرۆكایەتی بۆ گۆر مسۆگەر بكردایە.



© AP Images/Carolyn Kaster

پاڵێوراوەكانی ٢٠٠٨ بەهان شێوە چەند ویلایەتێكیان ناوبردووە كە دەكرێت ببنە مایەی پێشبڕكێ، لە ڕاستیدا، هەرچەندە لەوانەیە وا نەبن. یاریدەدەرانی ئۆباما ڕایانگەیاندووە، كە هەندێك لەو ویلایەتانەی ویستیان تیایاندا هەڵمەت بەرپا بكەن — وەكو جۆرجیا، میسۆری، مۆنتانا، كارۆلینای باكوور — لەوانەیە بەهیچ شێوەیەك لە بەكۆماری بوونەوە نەگۆڕێن بۆ دیموكراتی.

بەڵام ئەنجامی هەولكدانێك لێرەدا دەكرێت پاڵ بە ماكاێین ەوە بنێت پارە سەرف بكات یان بینێرێتە ناو هەڵمەتەكە لەو شوێنانەی بە زەمینەی سەلامەت دادەنران، لە بری بەكارهێنانی ئەم سەرچاوانە لە گۆڕەپانی جەنگی چارەنووسسازی ویلایەتی تری وەك ئۆهایۆ.

## براوە هەموو دەنگێك دەبات

سەبارەت بە ستراتیژییەكانی هەڵمەتی سەرۆكایەتی، یەكێك لە لایەنە هەرە بێزاركەرەكانی كۆلێژی هەڵبژاردن بریتییە لەو یاسایەی كە تاڕادەیەك لە هەموو ویلایەتێك هەیە و بەو پێیە براوەی دەنگی سەرتاپای ویلایەتەكە گشت دەنگەكانی نوێنەری ئەو ویلایەتە بەدەست دەهێنێت بێ گوێدان بە چەندێتیی نزیكی پلەی جیاوازی. جۆرج دەبلیو بوش لە ٢٠٠٠دا زۆر بە چاكی فلۆریدای بردەوە — هەروەها سەرۆكایەتیش — بە ٥٣٧ دەنگی زیاتر لە ٦ ملیۆن دەنگ لە ویلایەتی تیشكی خۆر. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت ئەو جیاوازییە تەسكە بە ڕەسمی بووە تەنها ٣٦ ڕۆژ دوای مشت ومڕی یاسایی و بڕیارێكی دادگای باڵا كە دووبارە ژماردنەوەی دەنگەكانی لە سەرتاپای ئەو ویلایەتە وەستاند، بەس بوو بۆ ئەوەی تیكیتی گشت دەنگەكانی نوێنەریی ئەو ویلایەتە بدات بە كۆمارییەكان.

لە ١٩٨٨دا، پاڵێوراوی كۆماری جۆرج ئێچ دەبلیۆ بوش ٤٢٦ دەنگی نوێنەرانی بردەوە بەرامبەر بە ١١٢ دەنگ بۆ حاكمی ماسەچوزێتس مایكڵ دوكاكیس كە پاڵێوراوی دیموكراتەكان بوو، ئەمەش وایكرد سەركەوتنەكە لاسەنگ

دەربکەوێت. بەڵام پلەی جیاوازیی سەرکەوتنی بوش لە زۆربەی ویلایەتەکاندا تا ڕادەیەك لاواز بوون، بوونە مایەی سەرکەوتنێکی فراوان بەڵام تەنك (کالیفۆڕنیا ٥١ بە ٤٨ لە سەدا، کنێکتیکت ٥٢ بە ٤٧ لە سەدا، ئیلینۆیس ٥١ بە ٤٩ لە سەدا، ماریلاند ٥١ بە ٤٨ لە سەدا، میسۆری ٥٢ بە ٤٨ لە سەدا، نیو مەکسیکۆ ٥٢ بە ٤٧ لە سەدا، پێنسلڤێنیا ٥١ بە ٤٨ لە سەدا، ڤێرمۆنت ٥١ بە ٤٨ لە سەدا). جیاوازی دەنگەکان لەو ویلایەتانەی بە کۆلێژی هەڵبژاردن دەوڵەمەند بوون بە شێوەیەکی بەرچاو گەورەتر نەبوون. بە هەڵمەتێکی زیاتر هەستیار بۆ هێرشەکان لە دژیان و بە بارێکی زیاتر چالاك لە دانانی ئەجێندای بابەتەکان، دیموکراتەکان لەوانەیە بیانبردایەتەوە.

هەروەها لە ٢٠٠٠دا، ئال گۆڕ نیو هاشمایەری دۆڕاند بە ٤٨,١ لە سەدا بەرامبەر بە ٤٦,٨ لە سەدا. ئەمە دەرکەوت پلەیەکی جیاوازی گرنگە، چونکە چوار دەنگە نوێنەرییەکەی نیو هاشمایەر دەکرا زۆرینەی ٢٧١ دەنگی کۆلێژی هەڵبژاردن بدات بە گۆڕ و ئەنجامە پڕ لە مشت ومڕەکانی فلۆریدا لە باسەکە بکاتە دەرەوە. هەروەها، سەرکەوتنێك لە ٢٠٠٠دا بۆ گۆڕ لە ویلایەتی تێنێسیی شوێنی لەدایك بوونی دەکرا هەڵبژاردنەکەی قفڵ بکردایە. لە بری ئەوەدا، ١١ دەنگە نوێنەرییەکەی تێنێسی بە جیاوازی چوار لە سەدا بۆ بوش چوون، بەمەش گۆڕ بوو بە یەکەم پاڵێوراوی سەرۆکایەتی کە ویلایەتی لەدایك بوونی بدۆڕێنێت لەوەتەی جۆرج ماکگەڤرن ی دیموکرات لە ١٩٧٢ و بەم شێوەیەش سەرۆکایەتییەکەی لەدەست چوو.

## دەستنیشانکردن لە هەڵبژاردنی گشتیدا

کاتێك دەنگدەرانی هەڵبژاردنی سەرەکیی دیموکراتەکان و کۆمارییەکان دەنگ دەدەن بۆ پاڵێوراوی پارتەکەی خۆیان، بە زۆری نەك تەنها هەڵدەستن بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کامە پاڵێوراو پەسەند دەکەن بە پشت بەستن بە بابەتەکان و لێهاتوویی کەسێتی، بەڵکو ئەوەش کە کامەیان باشترین هەلی هەیە بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنی.

ئەمە هۆکارێکی گەورە بوو کە بۆچی جۆن کێری لە ٢٠٠٤دا پاڵێوراویی سەرۆکایەتی لە بەرامبەر هاورد دین، حاکمی پێشووی ڤێرمۆنت بردەوە. پێشتر لە خولی هەڵبژاردندا، ڕەخنەی توندی دین لە بەرامبەر شەڕی عێراق و سیاسەتەکانی ئیدارەی بوش بە گشتی لە نادیاریان دەرهێنا بەرەو پێشبڕکێکاری یەکەمیان برد لە گورزەی سەرۆکایەتیی سەرەکیی دیموکراتەکان. هونەری ڕەوانبێژیی بەجۆشی ناوبراو دەنگدەرانی سەرەکی دیموکراتەکانی بزواند و هەستیان بە تورەیی کرد کە زۆرێك لە سەرکردەکانی خودی ئەو پارتە لە کۆلێژی هەڵبژاردن دا نەیانویستووە بە شێوەیەکی توند بەرەنگاری بوش ببنەوە.

بەڵام هەڵسوراندنی ناهاوسەنگی دین بۆ ڕێچکەی هەڵمەتەکە و ئەزموونی خۆی لە سیاسەتی نەتەوەییدا وای لە دەنگدەرانی سەرەکی دیموکراتەکان کرد لە کۆتاییدا کێری نوێنەرن کە ٢٠ ساڵ بوو سیناتۆر بوو. کێری قسەکەرێکی سنوورزان و خزمەتگوزار بووە، ئەگەر هەستبزوێنەریش نەبووبێت، و دەنگدەران پێیان وابوو ڕکابەرێکی توندتر دەبێت لە بەرامبەر بوشدا. دوای هەڵبژاردنە سەرەکییەکانیش، توانجگرێك باسی لەوە کرد کە زۆرێك لە دیموکراتەکان "ژووانیان لەگەڵ دین بەست، ژیانی هاوسەریان لەگەڵ کێری پێك هێنا."

نەخشەی ئەنجومەنی نوێنەران بوو بە باسێکی سەرەکی لە جەنگی پاڵێوراویی سەرۆکایەتی دیموکراتەکان لە ٢٠٠٨دا. لە پێشبڕێییەکدا کە بۆ نزیکەی شەش مانگ بەردەوام بوو و یەکلایی نەکرایەوە تاکو گشت هەڵبژاردنە سەرەکییەکان و کۆڕی ویلایەتەکان دەنگیان دا، هیلاری کلنتۆن مشت ومڕی لەسەر ئەوە دەکرد، کە دەبێت پاڵێوراوی پارتەکەی بێت چونکە هەلێکی باشتری لە باراك ئۆبامای ڕکابەری پاڵێوراو هەیە بۆ سەرکەوتن بەسەر پاڵێوراوی کۆماری جۆن ماکاین لە هەڵبژاردنی گشتیدا.

کلنتۆن چەند هەڵبژاردنێکی سەرەکی بۆ هیلاری دەستەبەر کرد لە ویلایەتە لابەلاکاندا وەك ئۆهایۆ، پێنسلڤێنیا، و ڤرجینیای ڕۆژئاوا. ئەم مشت ومڕە دەرکەوت ئاوێکی کەم هەڵدەگرێت لەگەڵ دیموکراتەکان کە ئۆبامایان هەڵبژارد وەك پاڵێوراوی پارتەکە بۆ وەستان لە دژی ماکاین .

# هەڵبژاردنەکـانی کۆنگرێس

*ئیل. ساندی مایسێل*

لە ٤ی تشرنی دووەمدا، دیموکراتەکان بۆیان ڕوون دەبێتەوە ئاخۆ گشت دەنگدەران هەڵبژاردنی پاڵێوراویی پارتەکە ساغ دەکەنەوە. سەرەڕای ئەمانەش، هاوپەیمانییەکی براوەی کۆلێژی هەڵبژاردن هەمیشە ئامانجێکی گۆڕاوی هەڵمەتەکانە. لەوانەیە لە هەمووشی زویرکارتر، بریتی بێت لەو تاکە ڕووەی حکومەتی ئەمریکی کە تیایدا لە کۆتاییدا براوەی زۆرترین ژمارەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنێکدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی براوە نییە. لە کاتێکدا هەڵمەتەکانی ئۆباما و ماکاێن بە شپرزەیی کاردەکەن لە هەفتەکانی کۆتایی هەڵبژاردن بۆ کۆکردنەوەی بە لایەنی کەم ٢٧٠ دەنگ، ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان وەك تێکەڵەی سەرکەوتن دەردەکەوێت دەکرێت کەم وکوڕی هەبێت لەو پێوەرەیە کە لە کۆتاییدا دەنگەکان یەکلایی دەکاتەوە — هەژمارکردنی ویلایەت بە ویلایەت لە ڕۆژی دەنگداندا.

ئەو بۆچوونانەی لەم وتارەدا خراونەتەڕوو بە شێوەیەکی پێویست ڕەنگدانەوەی بۆچوون و سیاسەتەکانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان نین.

هەڵبژاردنی ئەندامەکانی کۆلێژی هەڵبژاردن بۆ خـەڵکی ئـەمریکا وەك هەڵبـژاردنی سـەرۆك گرنگـە. ئـەم بابەتـەدا باسـی ڕکابـەری کۆلێژی هەڵبژاردن ی ئەمریکی دەکات، هەروەها ئەو فاکتەرانەی کە لــە هەڵبژاردنــەکانی کۆلێــژی هەڵبــژاردن و ئــەو کاریگەرییــە گونجاوانــەی هەڵبژاردنــەکانی ٢٠٠٨ لەســەر سیاســەتی حکومــەتی ئەمریکی دەور دەبینن.

ئێل. ساندی مایسێل پرۆفیسۆری حکومەتە لە کۆلێجی ۆتەرڤیل، ماین.

کاتێ هاوڵاتیان لە سەرانسەری ئەمریکا لە ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ دەڕۆن بۆ دەنگدان، تەنها بۆ سەرۆك دەنگ نادەن بەڵکو بۆ ٤٣٥ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و یەك لەسەر سێی ئەنجومەنی پیرانیش دەنگ دەدەن. جەختکردنەوە زیاتر لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەبێ، بەڵام هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسیش گرنگە.

لە سیستەمی ئەو حکومەتەی کە لە دەستوری ئەمریکی دانراوە، هەردوو لقی جێبەجێ کردن و یاسادانان لە بڕیار دروست کردندا بەشداری دەکەن، گەر هەمان پارت هەمیشە کۆنترۆڵی سەرکردایەتی و کۆنگرێسی کردبا و گەر ئەندامانی پارتەکان بەرنامەڕێژکرابان بۆ شوێن کەوتنی سەرکردەکانیان لێك جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان هیچ گرنگییەکی نەدەبوو. دەسەلاتەکانی تەنها لەو ڕووەوە جیا نەکراوەتەوە کە دوو لقی هەڵبژێردراوی حکومەتی فیدراڵی بە کەسی جیا جیا بە ناوبانگ بووە، بەڵکو لەو ڕووەش کە ئەوانەی لە دەزگاکان خزمەت دەکەن لە هەڵبژاردنی جودا جودا دا هەڵدەبژێردرێن، هەرچەندە هەڵبژاردنەکان لە هەمان ڕۆژدا ئەنجام دەدرێن. هاوڵاتیان خیاری ئەوەیان هەیە سەرۆك لە پارتێك هەڵبژێرن و سیناتۆرێکیش لە پارتێکی تر و ئەندامێکی کۆنگرێسیش لە هەر یەکێك لەو دوو پارتە یا لە پارتی سێهەم هەڵبژێرن. نەك هەر تەنها گونجاوە، بەڵکو ئاسایشە، بۆ پارتێکی سیاسی کۆنترۆڵی لقێك یا هەردوو لقی کۆنگرێس بکات و پارتەکەی تریش کۆنترۆڵی کۆشکی سپی بکات. ئەم بارودۆخە پێی دەگوترێ "حکومەتی دابەشبوو" لەوەش زیاتر، ئەندامانی کۆنگرێس و سیناتۆرەکان لەسەر سەرکردەی پارتەکان بۆ دووبارە هەڵبژاردن سەربەخۆ نین و زۆربەی جار ئەم سەربەخۆییە ئەگەری دەنگدان بۆ ئارەزووی دەستورەکەیان دەردەبڕن، بگرە کاتێ لە پلەی پارتەکانیشیان جیا دەبنەوە.

## پێکهاتەی کۆنگرێس

کۆنگرێس لە دوو جەستە پێك دێت: ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران. مانای وایە ئەنجومەنی نوێنەران لە جەماوەر نزیکترە، بە گشتی لە ناوچە بچوکەکاندا لە چەند هەڵبژاردنێکدا هەڵدەبژێردرێن. کالیفۆرنیای ئەمرۆ، کە پڕ دانیشتوانترین ویلایەتە، ٥٣ کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەران هەیە. حەوت ویلایەتە بچوکەکەش یەکەو دانە کورسییەکیان هەیە.

ئەنجومەنی پیران وا دانراوە ڕەنگدانەوەی سوودی ویلایەت بێ. هەر ویلایەتێك، بەبێ ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوان دوو سیناتۆری هەیە. هەر سیناتۆرێك ٦ وەرز خزمەت دەکات، ئەمە بۆیە بەو جۆرە ڕێکخراوە تاکو کورسییەکانی ئەنجومەنی پیران یەك لەسەر سێی لە هەردوو ساڵێك دا. بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوە بێ لە سەرەتادا، سیناتۆرەکان لە لایەن دەسەلاتی یاسادانان هەڵدەبژێردران، بەلام لە ساڵی ١٩١٣ەوە لە نێو جەماوەر هەڵدەبژێردرێن. دامەزرێنەران بیریان کردەوە کە دەبێ سیناتۆرەکان لە ژێر سۆزی جەماوەر دەربهێنرێن، چونکە بە ناڕاستەوخۆ بۆ وەرزێکی درێژتر هەڵدەبژێردرێن، زۆر پرسیاری تری لەو جۆرە هەیە.

هەرچەندە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران یەك دەسەلاتیان هەیە، بەلام کورسییەکانی ئەنجومەنی پیران وا بیردەکرێتەوە لە ئەنجومەنی نوێنەران. بەڕێزتر بێ ژمارەی دەنگدەرانیان لە ناوچەکانی ولات زیاترە، وەرزەکەشیان درێژترە سەرنجی نیشتمانی زیاتر وەردەگرن، چونکە کەمترن.

ئەنجومەنی نوێنەران و پیران لەژێر یەك یاسادا کار دەکەن، لەگەڵ چەند جۆراو جۆرێتیەك لە ویلایەتەکاندا. پارتی دیموکرات و کۆماری و هەر پارتێکی تری چالاك لە پالاوتنەکانی هەڵبژاردنی سەرەتایی: کاندیدە سەربەخۆکان لە هەڵبژاردنە نهێنییەکان خالێك بەدەست دێنن. براوەی هەڵبژاردنی گشتی نۆڤەمبەر ئەو کاندیدەیە کە زۆرترین دەنگی هێناوە، بۆیە زۆرینە پێویست نییە.

ئەو فاکتەرانەی لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرێس ڕەچاو دەکرێت سێ فاکتەری بنچینەیی هەیە کە کاردەکاتە سەر هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس: یارمەتی بۆ ناوچەکە، بوون و ئامادە نەبوونی کاربەدەستێك، و باس و کێشەی سەردەمیش. سیستەمی سیاسی ئەمریکا وەك سیستەمێکی دووپارت وەسف کراوە، دیموکراتییەکان و کۆمارییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە بەسەر سیاسەتی ئەمریکادا زالبووینە. زیاتر لەسەدا ٩٩ی ئەوانەی بۆ کۆنگرێس هەڵبژێردراون لەم سالانەی دوایدا لە کۆمارییەکان و دیموکراتییەکان بوونە. سیستەمێك بەتاکە ئەندامی ناوچەیەك و فرەلایەنی براوەکان ئارەزووی سیستەمی دوو پارت دەکات. پارتی سێیەم یان کاندیدە سەربەخۆکان، کە سوود لە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی وەرگرن، سود وەرناگرن.

لەم دەساڵەی دواییدا ڕکابەری بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆنگرێس توندبووە هەروەك چۆن بۆ سەرکردایەتی توند بووە. هەرچەندە ئەم ڕکابەرییە لە هەموو ناوچەو ویلایەتێك وانییە. هەندێ ناوچە یا بگرە هەندێ ویلایەت چۆك بۆ یەك پارت دادەنێن. بۆ نموونە، دیموکراتەکان عادەتەن لە ویلایەتی ماساشوسیت دەبەنەوە، کۆمارییەکان لە وایمینگ دەبەنەوە، بارودۆخی ئیستسنائی ڕوودەدات، بەلام هیچ سیاسەتمەدارێك ناچێتە هەڵبژاردنی کۆنگرێسی ٢٠٠٨ بە بێ زانینی یارمەتی دەنگدەرانی ناوچەکە یا ویلایەتەکە.



ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکرێ بە ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی کاربەدەستێ ڕوون بکرێتەوە. بۆ زیاتر لە سێ دەیە ساڵ، زیاتر لە سەدا ٩٥ی ئەو کاربەدەستانەی کە ئەندامن لە ئەنجومەنی نوێنەران و دووبارە خۆیان پاڵاتۆتەوە سەرکەوتوو بووینە. سیناتۆرە کاربەدەستەکانیش لە دووبارە هەڵبژادنەکاندا سەرکەتوو بووینە. کاتێ کەسێ تەماشای کاندیدەکان دەکات کە هەڵدەبژێردرێن بۆ بوون بە ئەندام لە ئەنجوومەنی نوێنەران یا پیران کاریگەری ئەو فاکتەرانە دەبینرین. لەو کورسییانەی کە بە گەرمی ڕکابەری لەسەر دەکرێ، لەوانەیە زۆر کاندید لە سەرەتای پارتەکان ببینێ. ئەگەر کورسییەك بەتاڵ بێ،بەلاّم یەك پارت بەسەر ناوچەکە زاڵ بێ، لەوانەیە ئەم پارتە ڕکابەرێکی توند ببینێت، بەلاّم ڕکابەری کەم یا هەر هیچ نەبێت لەلایەن پارتەکەی ترەوە دەبێت. لە کۆتاییدا گەر کاربەدەستێ خۆی بپالێوی، ئەوا لەوانە نییە توشی ڕکابەری توند ببێتەوە، سەرکردەکانیش لە پارتەکانی تردا دەبێ بۆ دۆزینەوەی کەسێ پەلە بکەن تا خۆی کاندید بکات., هەریەك لەم بە گشتی بوونەدا کەمتر بۆ ئەنجومەنی پیران دەبێت لەوەی کە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران ، چونکە کورسییەکانی ئەنجومەنی پیران زۆر بە بایەختر دەبینرێن و لە بەراییدا ئەنجام کەمتر پێشبینی بۆ دەکرێ.

سەرکردەیەکی نوێ لە ٢٠٠٨ هەڵدەبژێردرێت و کێشە نیشتمانییەکان – جەگی عیراق، تیرۆر ، سیاسەتی کۆچ کردن...– بە سەر دیمەنەکەدا زاڵە. گەر لە نێو دەنگدەران ڕێژەی ڕازی بوون لە کارەکانی بوّش کەم بێتەوە و ئەم باسانە بە چارەسەرنەکراوی بۆ هەڵبژاردنی مانگی نۆڤەمبەر بمێنێتەوە، ئەوا لەوانەیە دیموکراتەکان قازانجێك لە پێشبڕکێیەکەدا بکەن.

## ئه نجامه‌كان بۆ به‌ڕێوه‌بردن


دوا به‌دوای هه‌ڵبژاردنه‌كانی كۆنگرێسی ٢٠٠٦، واشنتۆن به حكومه‌تی دابه‌شكراو دیاریكرا، كۆمارییه‌كان ده‌ستیان به سه‌ر كۆشكی سپی و ده‌سه‌ڵاتی جێبه‌جێكردن دا گرت، دیموكراته‌كانیش ده‌ستیان به‌سه‌ر هه‌ردوو ئه‌نجومه‌نی كۆنگرێسدا گرت، هه‌رچه‌نده له ئه‌نجومه‌نی پیران دا جیاوازییه‌كه زۆر كه‌م بوو.

كۆمارییه‌كان له ئه‌نجومه‌نی پیراندا ٢٢ كورسی له ٣٤ كورسییان له ده‌سه‌تدا هه‌یه كه له ٢٠٠٨ ركابه‌ری له‌سه‌ر ده‌كرێ. بگره ده‌سكه‌وته كه‌مه‌كانی دیموكراته‌كانیش زۆرینه‌ی كورسی ئه‌نجومه‌نی پیران ناداته پارته‌كه‌ی. یاساكانی ئه‌نجومه‌نی پیران پێویستی به ٦٠ ده‌نگ هه‌یه تا هه‌نگاوی گه‌وره بنێت، دیموكراته‌كان له‌وانه‌یه له‌و ژماره‌یه نزیك نه‌بنه‌وه.

دیموكراته‌كان له ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌راندا نزیكه‌ی ٣٠ كورسییان زیاتر له كۆمارییه‌كان هه‌یه. له كاتێكدا زۆر له پلانی كاربه‌ستان له ژێر گۆڕان دا ماونه‌ته‌وه، نزیكه‌ی ٢٥ نوێنه‌ر له‌وانه پاش ئه‌م كۆنگرێسه. شوێنیان به‌تاڵ ببێ زۆربه‌ی زۆری ئه‌م كورسییانه زۆر به گه‌رمی له ٢٠٠٨ ركابه‌ری له‌سه‌ر ده‌كرێت. پێده‌چێ دیموكراته‌كان له‌م پێشبڕكێیه‌دا قازانجێكی كه‌م بكه‌ن، له‌وانه‌شه هه‌ندێ كۆرسی بۆ ژماره‌ی كورسییه‌كانیان داگیر بكه‌ن، به‌ڵام دیسان بای ئه‌وه‌نده نا به‌ئازاد خۆیان حكومه‌ت به‌ڕێوه ببه‌ن.

له ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌كانی كۆنگرێسی داهاتوو، ئه‌گه‌ر كۆمارییه‌ك هه‌ڵبژێردرێت، له‌وانه‌یه ڕووبه‌ڕووی ئۆپۆزسیۆنێكی گه‌وره ببێته‌وه له‌لایه‌ن دیموكراته‌كان كه زیاترینی هه‌ردوو ئه‌نجومه‌نه‌كه‌ی كۆنگرێس داگیر ده‌كه‌ن. ئه‌گه‌ر دیموكراتێك هه‌ڵبژێردرێت، ئه‌وا له‌وانه‌یه به كۆنگرێسێك حكومه‌ت به‌ڕێوه ببات كه له ده‌ستی پارته‌كه‌یدایه، بێگومان كۆنگرێسێك كه كۆمارییه‌كان ده‌سه‌ڵاتی باشیان بۆ ڕاگرتنی سه‌ره‌تای سیاسه‌ته‌كان تێدا ده‌مێنێ.

سیسته‌مێكی به‌ڕێوه‌بردن به جیاكردنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاته‌كان و هاوسه‌نگییه‌كی گرنگ و زۆرینه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كان كه ده‌وه‌ستێته سه‌ر هێز، نه‌وه‌ك بوه‌ستێته سه‌ر ئاره‌زووی نیشتمانی، هانی گۆڕانی له‌سه‌ر خۆ ده‌دات له سیاسه‌تی نیشتمانی، ئه‌مه‌ش ئه‌وه بووه كه نووسه‌رانی ده‌ستوور مه‌به‌ستیان بووه. كێشه ره‌خنه ئامێزه‌كان ده‌ستیان به سه‌ر هه‌ڵبژاردنی ٢٠٠٨ دا گرتووه. له كاتێكدا له هه‌ندێ لاكێشه‌دا سه‌ركرده‌ی نوێ له توانای دا هه‌یه به بێ ڕازیكردنی كۆنگرێس ڕه‌فتار بكات، له زۆر لایه‌نی تریش سیاسه‌ته‌كانی حكومه‌تی ئه‌مریكی ، ئه‌گه‌ر ژیریارانه‌ش نه‌بێ، ته‌نها كه‌مێك ده‌گۆڕێت.



In February 1877, Congress counted the electoral votes after the contested Tilden-Hayes election.

© North Wind/North Wind Picture Archives – All rights reserved

## بەشداریی دەنگدەران لە ٢٠٠٤دا

١٩٧ ملیۆن هاوڵاتی ماڤی دەنگدانیان هەبوو
١٤٢ ملیۆن (٧٢ لە سەدا) خۆیان ناونووسکرد بۆ دەنگدان
126ملیۆن (٨٩ لە سەدای دەنگدەرە ناونووسکراوەکان) دەنگیان دا

لە سەدای ژنان دەنگیان دا
٦٢ لە سەدای پیاوان دەنگیان دا
٧٠ لە سەدای هاوڵاتیان کە تەمەنیان ٤٥ ساڵ یان زیاتربوو دەنگیان دا
٤٥ لە سەدای هاوڵاتیان کە تەمەنیان ١٨ بۆ ٢٤ ساڵ بوو دەنگیان دا

٦٧ لە سەدای سپی پێستە ناهسپانییەکان دەنگیان دا
٦٠ لە سەدای ڕەش پێستەکان دەگیان دا
٤٧ لە سەدای هسپانیکەکان دەنگیان دا
٤٤ لە سەدای ئاسیاییەکان دەنگیان دا

سەرچاوە: مەکتەبی سەرژمێری دانیشتوانی ئەمریکا

## سەنتەری عەنکاوە بۆ خستنە سەر کار

سەنتەری عەنکاوە بۆ خستنە سەر کار هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی چالاکی دەستڕاگەیشتن لە سەرانسەری شاردا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی خاوەنکاران و ئەوانەی بۆ کار دەگەڕێن، پاشان ئەم زانیاریانە خەزن دەکات لە بانکێکی زانیاری دیجیتەڵدا و هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی ئەم ئامرازە نوێیە بۆ بەیەك گەیاندنی ئەوانەی بۆ کار دەگەڕێن لەگەڵ ئەوانەی دەرفەتی کاریان لایە. سەنتەری عەنکاوە بۆ خستنە سەر کار راهێنانی خۆڕایی پێشکەش دەکات سەبارەت بە چەندین جۆری جیاوازی شارەزایی سەرەتایی ناو ئۆفیس. لە ڕێگەی پرۆگرامێکی بە ئەندام بوونەوە، سەنتەری عەنکاوە بۆ خستنە سەر کار هەڵدەستێت بە پێشکەش کردنی یاریدەدانی تەرکیز لەسەر کراو و دارایی بۆ دابینکراو بۆ ئەو کاندیدانەی کە بە دوای بە دەستهێنانی شارەزایی پراکتیکیدا دەگەڕێن لە ڕێی راهێنانپێکردنەوە لە سەر ئیش.

**پـرۆژەی سـەنتەری عـەنکاوە بـۆ دامەزرانـدن لـە لایـەن حکومـەتی ئـەمریکاوە پـارەی بـۆ دابینکـراوە و تێکـڕای بودجەگەی بریتیە لە ٥٩١،٢٢٦ هەزار دۆلار.**

**وە بۆ زانیاری زیاتر ئیمەڵ بۆ** info@ace-iraq.org **بکە**



© AP Images/Charlie Riedel

Willard's candidate, Democrat John Kerry (right), won in Delaware in 2004 but lost to President George W. Bush nationally in both the popular vote and the Electoral College.

## تۆمارکردن بۆ بەرنامەی لۆتۆی فیزەی فرەچەشن بۆ ساڵی ٢٠١٠

داواکاری پێشکەشکردن بۆ تۆمارکردن بۆ بەرنامەی لۆتۆی فیزەی فرەچەشن بۆ ساڵی ٢٠١٠ لە ماوەی ٢ی تشرینی یەکەمەوە بۆ ١ی کانونی یەکەم وەردەگیرێن. ئەوانەی داواکاری پێشکەش دەکەن دەتوانن فۆرمی ئەلکترۆنی داخڵبوونی فیزەی فرە چەشن (E-DV) بە دەست بهێنن لە سەر ئەم ماڵپەرە www.dvlottery.state.gov لە ماوەی تۆمارکردنەکەدا.

بەرنامەی ساڵانەی لۆتۆی فیزەی فرەچەشن فیزە دەستەبەر دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە مەرجە ئاسان بەڵام توندەکانی شیاو بوونیان تێدایە. بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری هەڕەمەکی لۆتۆکە هەڵبژێراوەکان دەستنیشان دەکات بۆ فیزە فرەچەشنەکان.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مەرجەکانی داخڵبوون و هەروەها بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە بە بەردەوامی دەکرێن سەبارەت بـە لۆتـۆی فیـزەی فرە چەشن، تکایە ڕێساکانی لۆتۆی فیزەی فرەچەشـن بـۆ سـاڵی ٢٠١٠ بخوێنەرەوە لەسـەر ماڵپـەری کاروبـاری کۆنـسوڵی سـەر بـە وەزارەتـی دەرەوە لەسەر ئەم لینکە:

http://travel.state.gov/visa/immigrants/types/types_1318.html.

# ڕۆژی گرتنەدەستی جڵەوی فەرمانڕەوایی



© AP Images/Mark Lennihan

George Washington, depicted taking oath of office as the first U.S. president, was the only president who faced no election opposition.

لە نیوەڕۆی ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا، چلوسیێهەمین سەرۆکی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا سوێندی یاسایی دەخوات.

ئەم گواستنەوە پڕ لە ئاشتییەی دەسەڵات بە سوێندخواردنێکی سادە جێبەجێ دەکرێت، کە یەکەم جار جۆرج واشنتۆن لە ١٧٨٩دا ئەو سوێندەی خواردووە.

**"من بە تەواوی بڕواوە سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پۆستی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوە ببەمو بەوپەڕی توانام پارێزگاری و ئاگاداری و بەرگری لە دەستووری ویلایەتە یەگگرتووەکان بکەم. داواکارم خودا یارمەتیم بدات"**

لێرەوە هەڵمەتی پرۆپاگەندەی درێژی سەرۆکایەتی کۆتایی دێت.

# هەڵبژاردنەکانی 2008ی ئەمریکا – هەڵبژاردنی گشتی





Johnson, Lyndon
69-1963

Harding, Warren
23-1921

Cleveland, Grover
89-1885

Buchanan, James
61-1857

Van Buren, Martin
41-1837

Washington, George
97-1789



Nixon, Richard
74-1969


Coolidge, Calvin
29-1923

Harrison, Benjamin
93-1889

Lincoln, Abraham
65-1861

Harrison, William Henry
1841

Adams, John
1801-1797



Ford, Gerald
77-1974

Hoover, Herbert
33-1929

Cleveland, Grover
97-1893

Johnson, Andrew
69-1865

Tyler, John
45-1841

Jefferson, Thomas
09-1801



Carter, Jimmy
81-1977

Roosevelt, Franklin D
45-1933

McKinley, William
1901-1897

Grant, Ulysses S
77-1869

Polk, James
49-1845

Madison, James
17-1809



Reagan, Ronald
89-1981

Truman, Harry
53-1945

Roosevelt, Theodore
09-1901

.Hayes, Rutherford B
81-1877

Taylor, Zachary
50-1849

Monroe, James
25-1817



.Bush, George H.W
93-1989

Eisenhower, Dwight
61-1953

.Taft, William H
13-1909

Garfield, James
1881

Fillmore, Millard
53-1850

Adams, John Quincy
29-1825



.Clinton, William J
2001-1993

.Kennedy, John F
63-1961

Wilson, Woodrow
21-1913

Arthur, Chester
85-1881

Pierce, Franklin
57-1853

Jackson, Andrew
37-1829



.Bush, George W
2001-